https://www.doi.org/10.31918/twejer.2032.4

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# ڕۆڵی تەکنیکی گێڕانەوە لە بەرجەستەکردنی ناسنامەی کەسێتیی کاراکتەر لە ڕۆمانی

## (بەهاری ڕەش)ی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلدا

پ. ی. د. سەرکەوت عمر ابراهیم

بەشی زمانی کوردی-زانکۆی ڕاپەڕین- کۆلێژی پەروەردەی قەڵادزێ

**sarkawt.omer@raparinuni.org**

**پوختە:**

ڕۆمـانی "بەهـاری ڕەش"ی ئەحـمەد مـحەمەد ئیسـماعیل یەکـێکە لەو ڕۆمانانەی، کە لە بارەی تراژیدیای ئەنفالەوە دەدوێت. چەندین ڕەهەندی جیـاوازی وەک: ڕەهەنـدی نەتەوەیـی، سیاسـی، کلتـووری، جـوگرافی و ... لەخۆگرتووە.

ڕۆمـــاننووس لە ڕێــگەی کاراکتەرەکــانییەوە ئەم وێــنە تراژیــدییە دەگێڕێتەوە، کە لە پرۆسـەی ئەنفالدا بەسـەر نەتەوەی کورددا هـاتووە. لە ڕێگەی تەکنیکی گێڕانەوەوە هەوڵیداوە ناسنامەی تایبەت بە هەر یەکێک لە کاراکتەرەکانی بدات بەپێی چۆنیەتی بەشداریکردنیان لە ڕووداوەکاندا. ئەم پێـدانی ناسـنامەیەش لە ڕێــگەی هەڵبژاردنــی "نــاوی کاراکتەرەکــان و ناولێنانیـان و وەسـفی کـاراکتەر و ڕۆڵـی هەریەکێـک لە کاراکتەرەکـان و ئاخاوتن و هزری کاراکتەرەکانەوە" بەرجەستە کراوە.

ڕۆماننووس لە خولقاندنی هەر یەکێک لە کـاراکتەرە بەشـداربووەکاندا بۆ ئەوەی ناسنامەیەکی تایبەتی پێ بدات ناوێکی تایبەتی هەڵبژاردووە، کە گونجــاوە لەگەڵ ئەو ڕۆڵەی کە پێیــداوە. لە لایەکــی دیــکەوە لە ڕێــگەی وەسفکردنی کاراکتەرەکـان و گفتوگۆ و هـزر و بیریـانەوە ناسـنامەی هەر یەکەیانی جوانتر وێناکرتووە. ئەم توێژینەوەیەش هەوڵیداوە بە شـێوەیەکی تیۆری- پراکتیکی لەسـەر نموونەی وەرگیـراوی نێـو ڕۆمـانەکە ناسـنامەی هەر یەکێک لەو کاراکتەرانە بە تەواوی دیاری بکات.

**وشە کلیلییەکان**: بەهاری ڕەش، مەرگەسات، کەلتوور و وەسف.

## ڕۆڵی تەکنیکی گێڕانەوە لە بەرجەستەکردنی ناسنامەی کەسێتیی کاراکتەر لە ڕۆمانی

## (بەهاری ڕەش)ی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلدا

### پێشەکی:

کاراکتەری ڕۆمان چەقی بەڕێوەبردنی ڕووداوەکانی ڕۆمانە، لەبەرئەوەی کاراکتەر و ڕووداو بۆ هەمیشە دوانەیەکی لێکدانەبڕاون و کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر یەکتر هەیە و نە هیچ کاراکتەرێک بە ڕەهایی بێ بەئەنجامگەیاندنی هیچ ڕووداوێک ڕۆڵەکەی دیار دەکەوێت و نە هیچ ڕووداوێکیش بێ کاراکتەر ڕوودەدات، هەر بۆیە دوالیزمیەتی نێوان ئەم دوو ڕەگەزە سەرەکی و گرنگەی ڕۆمان لە ئاستێکی بەرزدا خۆی دەنوێنێ، وەستانی هەر یەکێکیان وەستانی ئەوی دیکەیانی بەدواوە دێت.

ڕەنگە خوڵقاندنی کاراکتەری ڕۆمان ئەرکێکی یەکجار گران بێت بۆ خودی ڕۆماننووس. ئەم گرانییەش لە چۆنیەتی خولقاندن و چۆنیەتی ڕۆڵپێدان و ناساندنی کاراکتەردا بەرجەستە بێت، چونکە خوڵقاندنی کاراکتەر چ واقیعی بێت و چ خەیاڵی و زادەی خەیاڵدان و هزری ڕۆماننووس بێت، دواجار دەبێ جۆرە کارکتەرێک بێت، کە ڕۆڵی تایبەتیی خۆی هەبێت لە بەڕێوەچوونی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە، جا ئەو کاراکتەرە کاراکتەری سەرکی بێت یاخود کاراکتەری لاوەکی و لە ڕووداوی سەرەکیدا یان لە ڕووداوی لاوەکیدا ڕۆڵ بگێڕێت. هەر بۆیە زۆرجار هەندێ لە ڕۆماننووسەکان خودی ڕۆمانەکانیش هەر بە ناوی کاراکتەرەوە ناو دەنێن و هەر ئەو ناوەش دەبێتە ناونیشان و ناسنامەی ڕۆمانەکە. هەر لەو ڕوانگەیەشەوە پێگە و ڕۆڵی کاراکتەرەکانی ڕۆمان

خۆیان دەنوێنن. ئەمەش وا دەکات کە کاراکتەری ڕۆمان لەگەڵ سروشتی ڕووداوەکانی ڕۆماندا گونجاو و لەبار بێت. واتا گونجانێک لەنێوان کاراکتەر و جۆری ڕۆماندا هەبێت و کاراکتەرەکان پڕ بە بەری خودی ڕووداوەکان بن.

لەو ڕوانگەیەوە ئەو توێژینەوەیە ڕۆڵی تەکنیکی گێڕانەوە لە بەرجەستەکردنی ناسنامەی کەسێتیی کاراکتەری ڕۆمان دیاری دەکات، چونکە وەک ڕوونە خوڵقاندی کاراکتەر بەتەنها ناتوانێ ویست و ئارەزووەکانی ڕۆماننووس و خوێنەر پڕ بکاتەوە، تەنها ئەو کاتە نەبێ کە خوێنەر هەست بەوە بکات ڕۆماننووس سەرکەوتوو بووە لە پێدانی ناسنامەیەکی لەبار و گونجاو بە هەر یەکێک لە کاراکتەرەکانی ڕۆمانەکەی.

**سنووری لێکۆڵینەوەکە:**

سنووری کاری ئەم لیکۆڵینەوەیە ڕۆمانی (بەهاری ڕەش)ە و بەتایبەتیش لەنێو بونیادی هونەریی ڕۆمانەکەدا ڕەگەزی کاراکتەر و ناسنامە و ڕۆڵ و پێگە و بیر و هزرییانە و کار لەسەر ڕەگەزەکانی دیکەی ڕۆمانەکە ناکات.

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:**

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەرخستن و دیاریکردنی ناسنامەی کەسێتیی کاراکتەرەکانی ناو ئەم ڕۆمانە و چۆنیەتیی ناونانی کاراکتەرەکانە تا دەلالەت لە تایبەتمەندیی کەسێتییان بکات لە ڕێگەی وەسفکردنیان و دەرخستنی بیر و هزر و ئاخاوتنیان و دەربڕینیان و ڕۆڵ و پێگەیان لەناو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا.

**پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:**

پێکهـــاتەی ئەم لێکـــۆڵینەوەیە  خـــۆی لە دوو بەشـــی ســـەرەکیدا دەبینێـــتەوە: بەشـــی یەکەمـــی لە بـــارەی ناســـاندن و سروشـــت و ڕۆڵـــی کاراکتەر دەدوێت لەناو ڕۆماندا و لە بەشی دووەمیشدا لە ڕێگەی تەکنیکە جیاوازەکـانی گێـڕانەوەی ڕۆمـانەوە بەتـایبەتی نـاوی کـاراکتەر و وەسـفی کاراکتەر و ڕۆڵ و گفتوگۆ و دەرخستنی هزری کاراکتەرەکاندا ناسنامەی هەر یەکێک لە کاراکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە بەرجەستەکراوە.

**بەشـــــــی یەکـــەم:**

**ناساندن و ناسنامە و خوڵقاندنی کاراکتەر لە گێڕانەوەی ڕۆماندا**

**ناساندنی کاراکتەری ڕۆمان**

کەسێتی یان کاراکتەر سەنتەری بەڕێوەبردنی ڕووداوەکانی ڕۆمانە و بزاوتـــی بەرەوپێشـــچوون و گەشـــەکردن و خـــاوبوونەوەی ڕووداوەکـــان لەئەســتۆدەگرێت و لە هەمــان کاتیشــدا دەکەوێــتە ژێــر بــاری ڕەوڕەوەی ڕووداوەکـــان، هەر بـــۆیە پەیوەنـــدییەکی پـــتەو لەنێـــوان ئەو دوو ڕەگەزە ســـەرەکییەی ڕۆمانـــدا هەیە ((کەســـێتی تـــوخمێکی ســـەرەکیی ڕۆمـــانە و ڕووداوەکـــان باســـی ژیـــانی ئەو دەکەن و هەڵوێســـتەکانی پیشـــاندەدەن و بیروباوەڕی ئەو دەردەبڕن و باسی چارەنووسی ئەو دەکەن. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین کەسیەتی بەخۆی ڕۆمانە و بێ ئەویش ڕۆمان هیچ دەور و بـایەخێکی نـامێنێ. ئەم بۆچـوونەش لەلایەن خـودی ڕۆماننووسەکانیشـەوە دووپـات کـراوەتەوە)) (نەجـم خالیـد نەجمەددیـن ئەڵـوەنی:٢٠٠٤: ٣٢٥). لەوەش گرنگتـر چۆنیەتیی ناسـاندنی کـاراکتەری ڕۆمـانە، کە ڕۆمـاننووس چۆن و بە چ شێوەیەک هەوڵی ناساندنی کاراکتەرەکانی دەدات.

ناساندنی کاراکتەری ڕۆمان ئەرکێکە لە سەرشانی ڕۆماننووسان و پێویستە لە ڕێگەی تەکنیکە هونەرییەکانی بونیادی هونەریی ڕۆمانەوە بە خوێنەری بناسێنێ و خوێنەر لە ڕێگەی جوڵە و دەربڕین و گوزارشت و ڕەفتارەکانی هەر کاراکتەرێکەوە ئاشنای ئەو کاراکتەرە دەبێ و لەو ڕێگەیەشەوە دەیناسێ و ناسنامەی ئەو کاراکتەرەی بۆ ئاشکرا دەبێ و گێڕانەوەی ڕووداوەکانیش دەبن بە کەرەستەی ئەم بابەتە، چونکە ((کەسایەتیی مرۆیی یەکەمین دەسپێکی هەموو نموونەکانی گێڕانەوەیە و لە هەمان کاتیشدا ئامانجێکە، ئەم بابەتە نەمرەیە کە نووسەران نەیانتوانیوە لە کاتی وێناکردنی ژیاندا لێی دەربازبن))( سەروەر عەبدوڵڵا: ٢٠٠٢: ١٤).

لە ناساندنی هەر کاراکتەرێکیشدا بە خوێنەر؛ ئەگەر ڕۆماننووس ئامانجی بەرجەستەکردنی کاراکتەرێک بێت بە هەموو ڕەهەندە مرۆییەکانیەوە ئەوا پێویستە ئازادی بە کاراکتەرەکان ببەخشێت ((ئەمە وا پێویست دەکات کە ڕۆماننووس دیموکراتخواز بێت، بتوانێت ئیستیعابی ئەوە بکات کە کەسێتییەکان دەیڵێن و ئەو بیرۆکانەی لە دایک دەبن و ئەو کردارانەی ڕووداوەکان دەیخوڵقێنن، تا ڕێگە بە کەسێتی و بیرۆکە و وشە و ڕووداوەکان بدات هەڵوێست وەرگرن و  بە ڕێڕەوی خۆیاندا بڕۆن و بەپێی قەناعەت و کلتووری خۆیان هەڵسوکەوت بکەن)) (عەبدولڕەحمان مونیف: ٢٠٠٦: ٥٦). لەو حاڵەتەشدا خوێنەر هەر زوو ئاشنای کاراکتەرەکان دەبێت و دەیانناسێت. بۆ ئەوەی ڕۆماننووس کەش و هەوای گونجاو بۆ کاراکتەرەکان بڕەخسێنێ دەبێ پێکهاتەی کەسێتیی هەر کاراکتەرێک بە جۆرێک وێنابکات، کە لەگەڵ ئەو پێگە کۆمەڵایەتییە بگونجێت، کە ئەو کاراکتەرە لێیەوە هاتووە و جیهانبینیی ئەو کاراکتەرە بەجۆرێک بۆ خوێنەر ئاشکرا بکات، کە خوێنەر توانای جیاکردنەوەی هەر یەکێک لەو کاراکتەرانەی هەبێت، کە ڕۆڵی پێداون لەناو ڕووداوەکاندا ((لە

خولْقانـدن و دروسـتکردنی کـاراکتەردا دەبـێ تێکـڕای ئەو تایبەتمەنـدی و سوخەت و خەسڵەتانەش ڕەچاو بکرێت کە لە پێگە و پایەی کۆمەڵایەتی و ژیـنگەی ئەوەوە هەڵـدەقوڵێ.  دەبـێ لەم ڕووەوەوە کە نـوێنەری هەمـوو تایبەتمەنـدی و خەسـڵەتەکانی چینـی خـۆیەتی لایەنـی نمـوونەیی هەبـێ)) (سیروس پرهام: ٢٠٠٤: ٤٨).

ناسـاندنی کـاراکتەری ڕۆمـان ئەرکێکە لەو ئەرکانەی، کە لە ئەسـتۆی ڕۆماننووسدایە و توانا و لێهاتوویی ڕۆماننووس ڕۆڵی سەرەکی و دیاری هەیە لەم بـوارەدا، چـونکە ئەم توانـای ناسـاندنە کـاریگەریی دەبێ لەسـەر جیهانبینیی خوێنەر لە ئاشـنابوونی بەهەر کاراکتەرێک و ئاسـتی تەبـایی و گونجـانی هەر کـاراکتەرێکیش لەگەڵ خـوێنەردا هەر لەو ڕوانـگەیەوە سـەرچاوە دەگـرێ، لەبەرئەوەی خـوێنەر ئەو کـاتە تەبـابوون و دژایەتـی خـۆی یـاخود پێڕازیبـوون و ڕەتکردنەوەی خـۆی لەگەڵ هەر کاراکتەرێک دەردەبڕێ، کە تەواو ئاشنای بێت و بیناسێ.

ڕۆمـانیش بـوارێکی فراوان بـووە بـۆ ڕەنگدانەوەی ئەم دیـاردانە و لە ڕێـگەی پـێگەی کەسـێتییەکانەوە، کە ڕۆڵـی سـەرەکی لە بەرەوپێشـبردنی ڕووداوەکـان دەبینن و تیشـک دەخەنە سـەر گیروگرفتەکانیـان و ململانێـی نێـوان کەسـێتییەکان، چـونکە ڕووداو ئەو کێشـە و گیروگرفتـانە وێـنە دەگرێـت، کە ڕووبەڕووی کەسـێتییەکانی نـاو هەر دەقێـک دەبـنەوە و لە ڕێگەی ئەم ئاستەنگ و گرفتانەوە واقیع نیشان دەدەنەوە ((کاراکتەر دەبێ لە واقیعـی ڕۆژانە بـاڵاتر بنـوێنێ جـۆرە پەیوەنـدییەک لەگەڵ تەجـرەبەی شەخسی خوێنەردا پەیدابکات و بە کورتی تەجرەبەکانی ژیانی بۆ هەست گـۆڕیبێ. کاراکتەرەکـانی چیـرۆک و ڕۆمـان لەنـاو پرۆسـە هـونەرییەکەی دەقانـدنی ناوەڕۆکـدا گەشـەدەکەن و شـێوە و سـیمای تـایبەتی خۆیـان وەردەگرن)) (حەمەکەریم عارف: ٢٠٠٨: ١٠٨).

خـــوێنەریش لە خوێنـــدنەوەی  ڕۆمانـــدا هەمیشـــە ئاراســـتەی بیرکـردنەوەی لەگەڵ ئاراسـتەکانی بیرکـردنەوەی کاراکتەرەکـانی ڕۆمانـدا تەبـایی و جیـاوازی لـێ دەکەوێتەوە و لە خوێندنەوەدا بەدوای ئەو جۆرە کـاراکتەرانەدا وێڵ و سـەرگەردانە، کە لە ڕووی بیرکـردنەوە و ئاراسـتەی فیکرییەوە لە سروشـتی کەسـێتیی خۆیەوە نزیکە و دەیەوێت سـەرەداوی هاوشوناسـنامەیی لەنێـوان ناسـنامەی خـۆی و ناسـنامەی ئەو جـۆرە کـاراکتەرەدا بـدۆزێتەوە کە لەخـۆی دەچـن، هەر بـۆیە ((خـوێنەری ڕۆمـان شانسی ئەوەی هەیە کە پەیوەندیی پێچەڵپێچی ئەندامانی جیهانی ڕۆمانێک بە دوور لە دژەکردەوەی ئەوان لە بەرامبەر خۆیدا تەماشـابکات و دواجـار لە پەیوەندییەکی زەینیدا خۆی و کەس یان کەسـانێک لە ڕۆمـانەکەدا بکـات بە ئاوێنەی خۆتێدادۆزینەوە)) (هاشم ئەحمەد زادە: ٢٠١٢: ٣٦).

ســـەرەکیترین ئەرکـــی ڕۆمـــاننووس لە ناســـاندنی کاراکتەرەکـــانی ڕۆمانەکەیـدا هەڵبژاردنـی نـاوێکە بـۆ هەر یەکێک لە کاراکتەرەکـانی و بەم کـــارەش ڕۆمـــاننووس هەوڵـــی پەیوەســـتکردنی خـــوێنەرە بە نـــاوی ئەو کـاراکتەرەوە، چـونکە ناولێنـانی کـاراکتەر بە نـاوێکی شایسـتە و گونجـاو لەگەڵ ئەو پێگە و ڕۆڵەی ڕۆماننووس پێی دەبەخشـێت کـاریگەریی دەبێت لەســـەر ڕاکیشـــانی ســـەرنجی خـــوێنەر بـــۆ ئەو کـــاراکتەرە لە ڕێـــگەی نـــاوەکەوەیە هەر لەبەرئەوەشـــە، کە ((لە زۆربەی کاتەکانـــدا ڕۆمـــاننووس دەلالەت دەبەخشێتە ناوی کاراکتەرەکانی ڕۆمانەکەی، چونکە ئەگەر نـاوی کـاراکتەر دەلالەت بەخـش بـوو ئەوا  ڕەنـگە گرنگییەکـی گەورەی هەبێت، لەوانەیە نـــاوی کاراکتەرەکـــان پەیوەنـــدییەکی تەواو بە دەلالەتـــی کاراکتەرەکانەوە بدات لە ڕووی فەرهەنگی و پێکهاتەی دەنگی و مەکانەتی مێژووییەوە)) (اثیر عادل شوای : ٢٠٠٩ : ١٠٦).

بەم جۆرە ناساندنی هەر کاراکتەرێک دەبێتە تەوەرەیەکی میحوەریی لە بونیـــادی هـــونەریی ڕۆمانـــدا و خـــوێنەریش بەهـــۆی هەنـــدێک لە تەکنیکەکـــانی گێـــڕانەوەوە هەر کاراکتەرێـــک لە کاراکتەرەکـــانی نـــاو ڕووداوەکان دەناسێ.

## سروشتی خوڵقاندنی کاراکتەری ڕۆمان

لە هونەری ڕۆماندا وێناکردن و بەرجەستەکردنی کـاراکتەری ڕۆمـان وابەسـتەیە بە لێهـاتوویی و ئامـانجی ڕۆماننووسـەوە و پێویسـتە هەمـوو ڕەهەنـدە مرۆییەکـانی هەر مرۆڤێکـی ئاسـایی لە بونیـادی خوڵقانـدنی هەر کاراکتەرێکدا بەرجەستەبکات، بەڵام ئەمە بەو مانـایە نـایەت کە کـاراکتەری ڕۆمـان وێنەیەکـی کـۆپیکراوی هـیچ مرۆڤێکـی ڕاسـتەقینەی دەوروبەری خـودی ڕۆمـاننووس بێـت، هەرچەنـدە دەشـێ ئەو کـاراکتەرانە لە سـیما و دەلالەتـــی نواندنـــدا وەک هەر کەســـێکی جیهـــانی ئاســـایی دەربـــکەون ((کەســـایەتییەکانی نـــاو ڕۆمـــان ڕاســـتەوخۆ لە ژیـــانی ئاســـاییەوە وەرنـاگیرێن...چونکە دانـانی کەسـایەتیی ڕاسـتەقینە لەنـاو ڕووداوەکـانی ڕۆمـان و دانەپـاڵی کـرداری خەیـاڵی واتە دروسـتکردنی ئەو کەسـایەتییە لەسەر بناغەیەکی نادروست)) (دیان دوات فایر: ١٩٨٨: ٤١).

ئەم بۆچـوونە دەرخەری ئەو ڕاسـتییەیە، کە خوڵقانـدنی کـاراکتەری ڕۆمـان ئەگەر سـەرچاوەی خوڵقاندنەکەشـی لە واقـیعەوە سـەرچاوەی گرتبێ، دواجار وێنەگرتنەوەی هەمان کاراکتەری بینراو نییە بە قەد ئەوەی جارێکی دیکە دروستکردن و خوڵقاندنەوەی هەمـان کـاراکتەرە لە هێـزری ڕۆماننوسـدا بەشـێوەیەکی هـونەری ((کەسـایەتیی نـاو ڕۆمـان کەسـایەتیی ئەدەبـی و هـونەرییە، ڕۆمـاننووس ئەفرانـدوویەتی، بـۆیە هەڵەیە ئەگەر بە چـاوی واقیعـی و ئاسـایی تەماشـایان بکەیـن. جـا ئەگەر لێکچـوونی لەگەڵ ژیانـدا هەبـێ یـان نـا، لەوانەیە نووسـەرەکەی لە دوو کەس یـان زیـاتر

دروستی کردبێ، یان بەشێک لە کەسایەتیی خۆی تێدا ئاوێتەکردبێ)) (عەبدوڵلا سەڕاج: ١٩٩٧: ٩٢).

لەوانەیە کاراکتەری ناو ڕۆمان و ڕەهەندە مرۆییەکانی و ئەندازە و پێویستییەکانی خولقاندنی؛ ئەگەر لە هەر مرۆڤێکی جیهانی واقیع بچێت دواجار لە هەر مرۆڤێکی ئەو جیهانەش جیاواز بێت و هەر ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی هەر کاراکتەرێکی ناو ڕۆمان خاوەن ناسنامەیەک بێت، کە لە ڕێگەی ناوەکەیەوە یان هزر و دەربڕینەکانییەوە یان ڕۆڵ و پێگەکەیەوە بۆ خوێنەر ئاشکرا بێت ((بێگومان کەسایەتیی ناو ڕۆمان بەرجەستەکردنی کەسایەتیی مرۆییە بەسەرجەم ڕەهەندە دیارەکانی و هەڵسوکەوتی و هزری و دەروونییەوە، بەڵام نووسەر کەسایەتییە مرۆییە ناداڵەکانی ناخاتە نێو وێنەگرتنێکی فۆتۆگرافی، بەڵکو بەمەبەستەوە داڵی خۆی لێ هەڵدەبژێرێ، ئینجا دەست بە پرۆسەی بەرجەستەکردنی دەکات وەک بەرجەستەکردنێکی هونەری بەشێوەیەک کە ببێتە کەسایەتییەکی ناو ڕۆمانی خودان قووڵاییەکی هزری و هونەریی پێگەیشتوو)) (سەروەر عەبدوڵڵا: ٢٠٠٢: ١٤).

ڕەنگە ئەمە لە سروشتی هونەری ڕۆمانەوە سەرچاوەی گرتبێ، چونکە وەک دەزانین ڕۆمان هونەرێکە ڕەهەندە مەعریفییەکانی خۆی لەنێوان واقیع و خەیاڵی ڕۆماننووسەوە هەڵدەهێنجێ ئەمەش لەگەڵ ئەو بۆچوونەی میشێل زراڤادا دێتەوە کە دەڵێت ((ڕۆمان هەر چنینەوەی خەیاڵ نییە هێندەی ڕەنگدانەوەیە بۆ واقیع و دەتوانرێ بگوترێ گەوهەر و سیفاتی بنچینەیی تیایدا بۆ گوزارشتکردنە لە پەیوەندیی نێوان واقیع و خەیاڵ)) (میشیل زرافا: ٢٠٠٥: ٩٢).

دەشێ ڕووداوەکانی ڕۆمان دەلالەت لە واقیع بکات لە وێنەیەکی هونەریدا و بە پێچەوانەشەوە دەشێ خەیاڵ خۆی ببێتە حاڵەتێکی فانتازی

و دەقـی ڕۆمـانی لێـوە بخوڵقێـت و دواجـار لە خوڵقانـدنی کاراکتەرەکانـدا ڕەنگبـداتەوە ((خوڵقانـدن و ئامـادەکرنی کاراکتەرێـک، زیـاتر و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، خوڵقاندن و ئامادەکرنی وەهمێکە لە زهنیەتی خاوەن-دەق-دا، داڕشـتنەوەی کـاراکتەرە جـارێکی تـر بە گـۆڕینی کـات و شـوێنیشـەوە و سـەرجەمی بەوەهمکردنـی پـاڵەوانە، بەوەهمکردنـی ڕووداو و دنیـایە)) (محەمەد ڕەنجاو: ٢٠٠٧: ٥٢).

دواجـار کاراکتەرەکـان خۆیـان دەبـنەوە بە سـەرچاوەی ئەو وێـنە زهنییانەی، کە لە ناخ و هزری ڕۆماننووسـدا هەن و هەمـوو ئەو وێـنانەش لە جـووڵە و هەڵسـوکەوت و گوزارشـت و ڕەفتارەکـانی کاراکتەرەکانیـدا بەرجەستە دەکاتەوە و ئامانجیش تیایدا وێنەکێشانی ئەو جیهانبینییەیە، کە ڕۆماننووس خۆی دەیبینێ ((ئەو جیهانە نائاسـاییەی کە لە ڤالایی ڕۆمانـدا هەستی پێ دەکەین، بوونێکی گـوزارەیی لە زەینـی ئێمەدا هەیە، ئەو بـوونە گوزارەییە لە بنچینەدا کەش و سـرووتی نائاسـایی خـودی ڕۆماننووسـە و ئیدی هەرچی خولیا و بینین و دیدی کەڵەکەبووی هەیە دەیخـاتە گەڕ و لە کەسێتییەکدا کۆیان دەکاتەوە کە لێرەدا بە شـاکەس ناوی دەبەین)) (جەلیل کاکەوەیس: ٢٠٠٠: ١٢١).

پێکهـاتەی هـونەریی جیهـانی ڕۆمـان پێویسـتی بەوەیە چەنـد چەشـنە کاراکتەرێکی جیاواز لەیەکتر تێیدا لە هەڵسووڕاندنی ڕووداوەکاندا بوونیان هەبیت و هەریەکەشیان بە ئەندازە و پێگەی هونەریی خۆی ڕۆڵ بگێڕێت، ئەمەش ڕۆمـاننووس ناچـار دەکـات کە کاراکتەرەکـانی بـۆ کەسـێتیی سـەرەکی و کەسـێتییە لاوەکییەکـان دابەش بکـات لەنـاو کەسـێتییە سـەرەکییەکانیش کەسـێتییەک وەک شاکەسـی ڕۆمـان بەرجەسـتەبکات و لەنـاو ڕووداوەکانـدا بە ئەنـدازەیەکی زیـاتر دەربکەوێـت و کـاریگەریی زیاتری لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا هەبێت.

ئەمەش وا دەكات كە شاكەش و كاراكتەرە سەرەكییەكان بە بەراورد بە كاراكتەرە لاوەكییەكان لێكەوتە و دەركەوتەی زیاتریان هەبێت و خوێنەریش زیاتر هەست بە بینینیان و گرنگی پێدانیان بكات لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی ڕووداوەكانی ڕۆماندا. لەبەرئەوەی ((شاكەس جوولە و ڕووداو و كەسە لاوەكییەكان پێكەوە دەبەستێتەوە. یاخود وەكو دەمارێكی زیندوو وایە، كە بەهۆی چۆنیەتی و چەندیەتی بالادەستی ئەوەوە هەموو ڕەگەزەكانی تری وەک (كەسە لاوەكییەكان، ڕووداو، شوێن، كات... هتد) لەناو چوارچێوەی ڕۆمانەكەدا ڕێكدەخرێن و بەهۆی چوونە پاڵ یەک و كارلێككردنیان گیانێكی زیندوو لە جیهانی ڕۆمانەكەدا پێكدەهینن. لێرەدا دەبێت ئەوەش بڵێین شاكەس هەروەک چۆن كاریگەریی بۆ سەر ڕووداوەكان هەیە بە هەمان شێوە خۆیشی ملكەچی ڕووداوەكان دەبێت و كاری تێدەكەن و بەهۆی ئەو كاركردنەوە لە ڕووی هزری و دەروونییەوە بەرەوپێشدەچێت و گەشەدەكات)) (محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا: ٢٠٠٠: ١٠).

ئەم دەركەوتنەی شاكەس مانای ئەوە ناگەیەنێت، كە خاوەنی ئەوە بێت، بەتەنها لە پانتایی ڕۆمانەكەدا خاوەن دەسەڵاتێكی ڕەها بێت و هیچ كاتێک نەكەوێتە ژێر كاریگەریی كەسێتییە لاوەكییەكان، بەڵكو زۆر جار سروشتی شاكەس بەهۆی دەربڕین و هەڵسوكەوت و قسە و باس و كار و كردەوەی كەسێتییە لاوەكییەكانەوە ڕوون دەبێتەوە و بەهۆی ئەوانەوە تواناكانی لە هەڵسووڕاندنی ڕووداوەكاندا دەردەكەوێت و ناسنامەی كەسێتییەكەشی لەو ڕێگەیەوە ئاشكرا دەبێت ((هەندێک جار كەسە لاوەكییەكان ئەو ڕۆڵە دەبینن كە سروشتی پەیوەندی نێوان شاكەس و خەڵكی دەوروبەری ئاشكرا دەكەن. ئەم ئاشكرا كردنەش بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی ڕوونكردنەوە و دەرخستنی ناخی شاكەس و سروشتی بیركردنەوە و هەست و سۆزە نادیار و شاراوەكانی ئاشكرا دەكەن)) (محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا: ٢٠٠٠: ١٢).

**ناسنامەی کاراکتەری ڕۆمان**

هەموو کەسێک لە ژیاندا هەر لە سەرەتاکانی تەمەنیەوە لە هەوڵی بەدەستهێنانی ناسنامەیەکی تایبەت بە خۆیەتی و هەموو ئامانجەکانی داهاتووی لەسەر هەڵدەچنێ، بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجەش هەموو هەوڵ و کۆششەکانی دەخاتە گەڕ و دواجاریش هەر ئەو ناسنامەیە دەبێت بە وێنە و دەلالەت بۆ ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیانی ((ئامانجەکانی ژیانی مرۆڤ دیارنییە لە سەردەمی منداڵیدا تەنانەت لە سەردەمی هەرزەکاریشدا بە لێڵی دەمێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ پێگەیشتی تەمەنیدا ئامانجەکانی دەردەکەوێت و بەتایبەتی لەگەڵ هەوڵدانی بۆ ناسنامەی کەسێتی و سەربەخۆبوونی)) (عبد العلی الجسمانی: ١٩٩٤: ٢٨٧).

لە دنیای ئەدەبیی هونەری ڕۆمانیشدا گێڕانەوەی بونیادی ڕووداو دەبێتە ئەو کایە مەعریفییەی، کە لە هەوڵی ناساندن و بەرجەستەکردنی ناسنامەی کەسێتی کاراکتەرەکانیدا بێت ((گوتاری ئەدەبی، بەتایبەتی گوتاری گێڕانەوەیی، یەک لە ئامرازە هەرە کاراکانی گەیشتن بە مەبەستێکی لەم چەشنەیە. لە ئەندێشەی نوێدا پرسی ناسنامە و شێوەی وەدەستهێنانی جێگەیەکی تایبەتیی هەیە. ئەدەبیات بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتی، ئەو گوتارگەلەن کە مرۆڤ دەتوانێ بەهۆی ئەوانەوە شوێنپێی سازبوونی ناسنامە هەڵگرێت)) (هاشم ئەحمەد زادە: ٢٠١٢: ٢٥).

لە گێڕانەوەی ڕۆماندا لە ڕێگەی دەرکەوتن و هەڵڕشتنی هزری کاراکتەرەکانەوە ئایدیا و جیهانبینیی کاراکتەرەکان ئاشکرا دەبێت و ئەگەر ڕۆماننووس فرە دەنگی ئازادی کاراکتەرەکانی لا مەبەست بێت ئەوا خوێنەر ئاشنای تەواوی کاراکتەرەکان، شێواز و جۆری بیرکردنەوەی هەر یەکێکیان دەبێت و لەو ڕێگەیەشەوە ناسنامەی هەر یەکێک لە کاراکتەرەکان بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێت، چونکە ((گرینگیی ڕۆمان بۆ

پرسی ناسنامە هەر لەوەدا نییە کە لە ڕێگەی چارەنووسی کاراکتەرەکانیەوە ڕەوتی شکڵگرتن و گۆڕانی ناسنامەکان بە ئاشکرایی دەربخات، بگرە خاڵی هەرە گرینگ ئەوەیە کە ئەم پرسە لە دەقی فیکرییەوە دەگوێزێتەوە بۆ دەقی گێڕانەوەیی و بەم کارەش دەبێتە وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکی کۆنی مرۆڤ لە پەنابردن بۆ گێڕانەوە لە بەربەرەکانێکردن لەگەڵ فەرامۆشیدا)) (هاشم ئەحمەد زادە: ٢٠١٢: ٣٦).

بە هەمان شێوە هەر کاراکتەرێکی ناو ڕۆمان خاوەن ناسنامەیەکی تایبەت بە خۆیەتی و لە کاراکتەرەکانی دیکەی جیادەکاتەوە. ئەم ناسنامەی کاراکتەری ناو ڕۆمان لە ڕێگەی کۆمەڵێک ڕەهەندی ژیانیەوە بەرجەستە دەبێت، کە دواجار هەر سروشتی ئەو ناسنامەیە دەبێتە هۆی گونجانی ئەو کاراکتەرە و لەگەڵ ئەو جۆرە هەڵوێست و ڕووداوانەی کە لەگەڵیدا دەگونجێ هاوتەریبیان دەکاتەوە، یان بە پێچەوانەوە ناتەبابوونی خۆی لەگەڵیان ڕادەگەیەنێت و بەرهەڵستکارییان لەگەڵدا دەکات ((جا لەبەر ئەوەی کەسێتیی ناو ڕۆمان دەستکەوتێکی پێشوەخت نییە، بەڵکو بەدواداهاتن و کەڵەکە بوونە و لە حاڵەتی خەڵقبوونێکی بەردەوامدایە، لە هەموو چرکەیەکدا دروست دەبێت و کامڵ دەبێت، دوا ئەدگاری کۆتایی خۆی وەرناگرێت ئەو کاتە نەبێت کە تەواو دەبێت، لەبەرئەوە ئەستەمە ئەو کەسێتییە هەر لە سەرەتاوە ئەدگاری تەواوەتیی خۆی وەرگرێ یان ڕوخساری کۆتایی پێهاتووی هەبێت، بەڵکو دەبێت لەگەڵ ئەوانی تردا مامەڵە بکات و لەگەڵ دەوروبەر و مەرجەکانیشدا خۆی بگونجێنێت)) (عەبدولڕەحمان مونیف: ٢٠٠٦: ٥٢).

کاراکتەری ناو ڕۆمان شاکەس بێت یان کاراکتەری لاوەکی هەموو ڕەهەندە مەعریفییە جیاوازەکانی لەیەک چرکەساتی زەمەنیی ڕۆماندا بەرجەستە نابێت، بەڵکو هەڵوێستە جیاوازەکانی لەگەڵ ڕەوتی

ڕووداوەکاندا دەبێتە هۆی ئەوەی ناسنامەی کەسێتیی ئەو ئاشکرا بکات و کاتێک خوێنەر هەموو موتیڤەکان دەخاتەوە سەر یەک ئینجا بە تەواوی ئەو کاراکتەرە دەناسێت و دەتوانێ بڕیار لە بارەی کەسێتی و ناسنامەکەیەوە بدات ((کێشمەکێشمی کاراکتەرەکانی دنیای ڕۆمان لە ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ یەکتردا دواجار وا دیاریان دەکات کێبوونی خۆیان وەک تاک و گرێدراوییان بە گرووپ و دەستەیەک وەک کۆ بخەنەڕوو. ئەگەر ڕۆمانێک وەفادار بێت بە بەردی بناغەی تایبەتمەندیی ژانرییانەی خۆی، واتا شۆڕبوونەوە بە ناخی کاراکتەرەکانیدا بکات، بێگومان ناتوانێت خۆی لە پرسی ناسنامە و شێوەی پێناسە و ئاراستەی ئەم پرسە لە لایەن کاراکتەرەکانیەوە دەرباز بکات)) (هاشم ئەحمەد زادە: ٢٠١٢: ٣٦).

سەوداسەری هەر کاراکتەرێک بە کاراکتەری سەرەکیشەوە ئەو کاتە بەرجەستە دەبێت، کە لە پەیوەندیدایە لەگەڵ دەوروبەر و ڕووداوەکان و هەر بەمەش دەبێتە خاوەن ناسنامەیەک کە جیاوازە لە ناسنامەی ئەوانی دیکە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ((پرسی ناسنامەی خود لە هەموو شوێنێکدا ئامادەیە و هەوڵدان بۆ پیشاندانی ئەو ناسنامەیە سەخت دەبێت ئەگەر ئەو ئامرازەی کە هەمانە بەشی ئەو ناساندنە نەکات و بێهیوامان بکات)) (مهاباد قەرەداغی: ٢٠٠٣: ٧٥).

**بەشی دووەم:**

## بەرجەستەکردنی کەسێتیی کاراکتەرەکان لە ڕۆمانی (بەهاری ڕەش)دا

### بەرجەستەکردنی کاراکتەرەکان لە ڕێگەی (ناو)ی کاراکتەرەکانەوە:

هەروەک ئەوەی هەموو تاکێک لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا ناوێکی تایبەت بەخۆی هەیە و بەهۆی ئەو ناوەوە دەناسرێ و دەناسرێتەوە تا

دوا ساتەكانی تەمەنی وەک سێبەر پێوەی دەلكێ پەیوەندی و كاریگەریی لەسەر هەموو ڕەهەندە جیاوازەكانی ژیانیدا دادەنێت. هەموو كار و كردەوەیەكیش، كە ئەنجامی دەدات هەر بەو ناوەوە تۆمار دەكرێت، بەهەمان شێوە هەر كاراكتەرێكی ناو ڕۆمانیش لە لایەن ڕۆماننووسەوە ناوێكی تایبەتی بۆ هەڵدەبژێردرێت و دەبێت بە ناسنامەی كەسێتیی ئەو كاراكتەرە و هەڵبژاردنی ناویش لە لایەن ڕۆماننووسەوە كارێكی ئاسان نییە، چونكە ناوی كاراكتەرەكان دەلالەت لە ڕۆڵ و پێگە و ئاستی ڕۆشنبیری و هزریی ئەو كاراكتەرە دەكەن.

هەڵبەتە بایەخی زۆری ڕۆمان بە كاراكتەرەكان، خۆی لە خۆیدا هێندە بابەتێكی فراوانە، كە ئێمە لێرەدا تەنها لە یەكێک لە لایەنەكانی دەكۆڵینەوە كە زیاتر دەتوانرێ دەستی بدرێتێ ئەویش ناوی كاراكتەری ڕۆمانە ((لەو لایەنەوە كە هەر كەسێک لە ژیانی واقیعیدا ناوێكی تایبەتی هەیە، ڕۆماننووسانیش بە ناونانی كاراكتەرەكانیان هەوڵدەدەن بەتایبەتی نیشانیان بدەن. مەسەلەی شوناسی تاكێتی، لەڕووی لۆجیكییەوە پەیوەندییەكی نزیكی لەگەڵ شوێنی ئەپستمۆلۆژی ناوە تایبەتەكان هەیە)) (ئیان وات: ٢٠٠٢: ٢٣). ئەمەش كاریگەریی لەسەر هزری خوێنەر دەبێت و هەر لە ڕێگەی ناوی كاراكتەرەوە خوێنەر دەتوانێ چەندین دەلالەت و ڕەهەندی پەیوەست بە ڕۆڵ و ئیرادەی هەر یەكێک لەو كاراكتەرانە بەدەستبهێنێ، چونكە ((ناوی كەسەكان چەمک و ئینتباعی سەرەكی لای خوێنەر دەڕسكێنێ، بەتایبەتی ئەگەر ناوەكە بە ئاوەڵناوەوە لكابێت... هەڵبەتە گشت كەسایەتییەكان هەڵگری ناو و سیفات و ڕەوشت و ڕابردووی خۆیانن و بەگوێرەی ئەو خاڵانە دەجووڵێن و هەڵوێست دەنوێنن. پەیوەندییان بە خێزانیانەوە، بە كۆمەڵیانەوە، بە زێدیانەوە، بە

دەروونی خۆیانەوە لە دەرئەنجامی کەسێتییانە)) (عەبدوڵلا سەڕاج: ١٩٩٧: ٩٢).

سەرئەنجامی ئەوەش پێوەندییەکی گونجاو لەنێوان ناو و ئەو ڕۆڵەی کاراکتەر دێتە ئاراوە کە پێی هەڵدەستێ ((بەڵکو بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ڕۆڵی سەرەکیی ناوی هەر کاراکتەرێک ئەوەیە کە نیشانی بدات کاراکتەری ویستراو دەبێ وەکو کەسێکی تایبەتی لێکبدرێتەوە نەک وەکو نموونەیەک، ئەم شایستەییی ناوە نابێ وابێ کەلێن بخاتە ڕۆڵی سەرەکیی ناوەکەوە)) (ئیان وات: ٢٠٠٢: ٢٦).

لە ڕۆمانی "بەهاری ڕەش"دا لە ڕێگەی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەوە ئاشنای کاراکتەرێک دەبین کە وەکو شاکەس و کەسایەتیی سەرەکیی ڕۆمانەکە دەردەکەوێت و ڕۆماننوس بە ناوی "سابیر" بەخوێنەری دەناسێنێت، هەڵبژاردنی ئەو ناوەش لە لایەن ڕۆماننووسەوە بە ڕێکەوت نییە، چونکە ناشێ کاراکتەرێک شاهیدی ئەو تراتژیدیایە بێت و هەڵگری ناوێک بێت، کە دەلالەت لە هەناسە کورتی و بێ ئارامی بکات و لەگەڵ ڕۆڵی سەرەکیی ئەودا یەکانگیر نەبێتەوە. بەدیوێکی دیکەدا ئەم کاراکتەرە بۆیە خاوەنی ئەو ناوەیە تا دەلالەت لە ئارامگرتن و هەناسەدرێژی بکات و توانای بەرگەگرتنی هەموو ئەو نەهامەتییانەی هەبێت، کە ناچاردەکرێت تێیاندا بەشدار بێت، کە هەم نەهامەتیی تایبەتی خۆیەتی و هەم نەهامەتیی تایبەتی گەرمیان و گەرمیانییەکانە لە پرۆسەی بە ناو ئەنفالدا. سابیر لە گەرمەی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەدا خاوەن ئارامگرتنێکی تەواوە و لە ڕوودانی هەر تراژیدیایەکی بچووکتر لە خودی تراژیدیا گەورەکە "خودی ئەنفال" هەوڵی ئارامگرتن دەدات هەروەک ئەوەی لە کاتی مردنی کەسە ئەنفال کراوەکانی ناو زیندانەکەدا ڕوودەدات.

گەرمیان وەک کاراکتەرێکی منداڵ ناولێنانی لە لایەن ڕۆماننووسەوە دەلالەتی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵکو ئاماژەیەکە لە لایەن ڕۆماننووسەوە بۆ دەلالەتکردن لە ڕزگاربوونی هەموو ناوچەی "گەرمیان" وەک دەڤەری گەرمەسێر لە شاڵاوی بەدناوی ئەنفال. بە دەلالەتی ئەوەی دواجار گەرمیان وەک کاراکتەرێکی بچووک لە شاڵاوی ئەنفال ڕزگاری دەبێت.

"بیستوومە هەندێ پەککەوتە و منداڵ بەڕەڵڵا دەکرێن؟

بەڵێ وایە کێ پێی وتی؟

گەرمیان بخە تەک ژن و پیاوێکی پەککەوتەوە

بەسەرچاو

دەمەو عەسرێک...گەرمیان یەکێ لەو منداڵانە بوو بەتەک ئافرەتێکەوە دایاننا" (ئەحمەد محەمەد اسماعیل: ٢٠١٦: ١١٨). واتە ڕۆماننووس گەرمیانی کردۆتە هێما بۆ دەڤەری گەرمیان و ڕزگارکردنیشی لە ئەنفالدا هێمایەکی ئاشکرا و ڕوونە بۆ ڕزگاربوونی هەموو گەرمیان و گەرمیانییەکان لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفال لەو قۆناغەدا. ئەمەش بەهای ئیستاتیکی و پەیوەندیی نێوان ناو و کەسێتی و وابەستەییان بە سەردەم و بزاوتی قۆناغە مێژووییەکەوە دیاریدەکات، چونکە، ئەگەر چیرۆک و ڕۆمان مێژوویی بن، ئەوا پێویستە ناو وەک کەسایەتییەکان، هەڵگری چرکەساتی ڕوودانی ئەو بەسەرهاتە بێت و مۆرکی سەردەمی باسلێوەکراوی پێوەبێت، ڕۆمان و چیرۆکی واقیعی ناوی واقیعی و ڕیالیستییان پێویستە)) (بوشرا کەسنەزانی: ٢٠٠٩: ٣٥).

هاپۆ خدر وەک کاراکتەرێکی بەتەمەن لە نێو گیراوەکاندا دەلالەتی ئەفسانەی نەمری خدری زیندەی پێدراوە، چونکە تا دواهەمین چرکەسات

هاپۆ خدر لە ژیاندا دەمێنێتەوە و سیفەتی نەمری و بەهاناوەچوونی تێدا بەرجەستە دەبێت" لەم ڕۆژانەدا بوو هاپۆ خدر مرد... یەک دوو جار لێوی تەتەڵەی کرد، بزەیەکی خەماوی بۆ یەکجاری لە سەر لێوی مایەوە..." (ئەحمەد محەمەد اسماعیل: ٢٠١٦: ١١٦). چونکە هاپۆ خدر دەبێتە فریادڕەس بۆ ئەو کەسانەی، کە لەناو زیندانی نوگرە سەلماندا بەندکراون بەتایبەتیش لەو دیمەنانەدا، کە هاپۆ خدر لەگەڵ شاکەسی ڕۆمانەکە دەدوێت سیفەتی فریادڕەسی خۆی وێنادەکات.

ناوی حەمەغەریب هێما و ڕەمزە بۆ کەسانێ کە غەریب و سەرگەردان دەسووڕێنەوە لەوەوە بەرجەستە بووە، کە وەک دێوەرەیەک بۆ بەدەستهێنانی قووتی خۆی و منداڵەکانی دێ بە دێی گەرمیان دەگەڕێ و نموونەی کەسێکی غەریب و گەڕیدەیە ((حەمە غەریب، زستان و هاوین، باران و تۆف بوایە... قرچەی گەرمای هاوین لە ماڵەوە نەدەمای، بەو دێهاتانەدا دەگەڕای.. ساڵێ تەنها دوو ڕۆژ لە ماڵ دەمایتەوە، جەژنی ڕەمەزان و ڕۆژی جەژنی قوربان.. ئیتر تۆ میوانی ماڵی خۆت بووی، هەگبەیەکت دەخستە سەر گوێدرێژەکەت و بە ئاواییەکانا دەگەڕای، شەوانیش تا درەنگانێ یا لە دیوەخان یا لەو ڕاستاییەی نزیک دارتووەکە، دەوریان دەدای هەواڵ و دەنگوباسی ئەو ئاواییانەت دەگێڕایەوە)) (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل: ٢٠١٦: ١٠٩). لەو ڕوانگەیەوە حەمەغەریب هەڵگری ناسنامەیەکە، کە بۆنی غەریبی و دەربەدەریی لێ دێت، سروشتی کارەکەشی پێویستیی بە ناوێکی گونجاوی وەک حەمەغەریبە.

لفتە کاراکتەری گێڕانەوە و بەبیرهێنانەوەی کلتووری نەتەوەی کوردە لفتە: نوستالجیای مرۆڤە بۆ ڕابردوو" بۆ کولتوور" (عەبدولغەنی کاکۆ: ٢٠١٦: ١٤)، چونکە بەردەوام لە هەوڵی گوتنەوەی جۆرە جیاوازەکانی گۆرانیی گەرمیان و گەرمەسێرە ((خەڵکەکە زۆربەی کاتەکەیان بە کپی و

خامۆشی دەبەنەسەر... یا هەردوو دەستیان لە چۆکیان دەئاڵێنن و سەری ماتەمینی و پڕ پەژارەیان دەنێنە سەر چۆکیان... لەم باروگوزارانەشدا هەندێ جار "لفتە" بە خورشیدییەک یا یار غەزالێ، یاخود ئەڵڵاوەیسییەکی هێمن خەم و یادە لەبیرچووەکانیان دەوروژێنێ، بەڵام هەر بۆ ماوەی گۆرانییەکە ئیتر هەمدیس دەکەوتنەوە سەر باری خۆیان و دەبنەوە لاشە سست و بێزارەکەی جاران)) (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل: ٢٠١٦: ٩٦).

لفتە هەگبەی لەبیرنەچوونەوە و ژیاندنەوەیە بۆ کلتووری کوردی، هەر بۆیە هەمیشە لە چرکەساتە ناخۆشەکاندا بە گوتنی قەتار و ئەڵڵاوەیس و ئەو گۆرانییانەی تایبەتن بە گەرمیان هەوڵی بەبیرهێنانەوەی ئەو کلتوورە هونەرییە دەدات، کە هێمان بۆ کارەساتەکانی گەرمیان ((لالە بۆچی گۆرانی هەر تەنها لەکاتی خۆشی و بەزم و شایدا دەگوترێ؟ گۆرانی بۆ کاتی تەنگانە و دڵتەنگیش دەستدەدا ئەگەر هەر بۆ کاتی خۆشی بوترایە، ئەوا لەو گەرمیانەدا گۆرانی نەدەبوو، چونکە خۆشیمان کەمە.. گۆرانی ئەم گەرمیانە بۆیە واکاریگەرە چونکی لە دڵتەنگی و خەفەت و ئازارەوە سەریهەڵداوە...لفتە ئاوا وەڵامی لالەی دایەوە)) (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل: ٢٠١٦: ١١٣).

چنار لەدوای ئەنفالکردنی وەک کاراکتەرێکی خەیاڵی دێتەوە هزر و بەر بینایی سابیر و دەبێتە ڕەمزی ژیانەوە، هەروەک ئەوەی چۆن داری چنار دوای بڕینەوەی جارێکی تر ئەگەری ژیانەوە و سەوز بوونەوەی لێ دەکرێت. چنار وەک تارمایی دێت و خۆی بە سابیر نیشاندەدات و هیوای پێ دەبەخشێتەوە. خاڵی هاوبەش لەنێوان ئەو کەسایەتییانەدا هێمنیی هەڵسوکەوتکردن و بیرکردنەوەیانە ((دەنگێکی ناسک... ئەم دەنگە... ئەم دەنگە... شڵەژا بە دەنگێکی بەرز وەک لەگەڵ یەکێکی کەدا بدوێ "دەنگی چنارە... باشە چنار لێرە چ دەکات" گوێی بۆ ئەو لایە هەڵخست کە

دەنگەکەی لێوە دەهات... تارماییەکەی بینی!! وا پێ پێ بۆ لای دێت"چنار لەم بیابانە چی دەکات" لە دڵی خۆیەوە وای گوت و بەتەواوی نزیک بووەوە: چنار ئەمە تۆی؟... لەم بیابانە چی ئەکەیت... چی بۆ ئەم دۆزەخەی هێنای... دەبا نەتبینن.

ئێمە خۆمان بە هەموو کەسێ نیشان نادەین... تەنها تۆ دەمبینی ترسی منت نەبێ...

چنار لە کوێی بێم بۆ لای تۆ؟ پەلەت نەبێ... دێی ئێمە ڕزگارمان بوو، زۆرین... سابیر ویستیان پیسمان بکەن... ئەی نامەردینە)) (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل: ٢٠١٦: ١٠٠-١٠١).

چنار ڕەمز و دەلالەتی ژیانەوە و دووبارە زیندووبوونەوەی نەتەوەی کورد و گەرمیانە، هەر بۆیەش لە کۆتا دیمەنەکانی ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت.

## بەرجەستەکردنی کاراکتەرەکان لە ڕێگەی (وەسفکردن)ی کاراکتەرەکانەوە:

وەسف لە هونەری ڕۆماندا بە ڕەگەزێکی گرنگیی گێڕانەوە دادەنرێت و هەموو بنیادی هونەریی ڕۆمان و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی وەک کەسێتی، ڕووداو، کات، شوێن... تاد لە ڕۆماندا لە ڕێگەی وەسفەوە ئاماژەیان پێدەدرێت و دەناسێندرێن ((وەسفکردنی کەسیەتی بەتایبەتی لە ڕۆمانی تەقلیدیدا بایەخی خۆی هەیە و ڕۆماننووس پیش ئەوەی کەسێتییەکی نوێ بهێنێتە ناو ڕووداوەکانەوە ڕێڕەوی گێڕانەوە ڕادەگرێ و بەکورتی، یان بەدرێژی وەسفی ڕوخسار و ڕواڵەتی ئەو کەسێتییە دەکات و پاش ئەوە یا بەخۆی دریژە بە گێڕانەوەکە دەدات، یان ڕێ دەدات ئەو کەسێتییە پاش وەسفەکە بێتە سەر شانۆی ڕووداوەکان و بە دایەلۆگ، یان بە کردەوە

لەگەڵ کەسێتییەکانی تردا بەشداری لەو ڕووداوانەدا بکات)) (نەجم خالید نەجمەددین ئەڵوەنی: ٢٠٠٤: ٣٢٥).

وەسفیش ڕۆڵی یەکجار سەرەکی لە ناساندنی هەندێک لە کارەکتەرەکانی ناو ڕۆماندا دەگێڕێت، جا چ وەسفی شکڵی بێت یان وەسفی دیوی ناوەوە بێت، بە واتایەکی تر ڕەهەندە جیاجیاکانی دیوی دەرەوە و ناوەوەی هەر کاراکتەرێک لە هەر ڕۆمانێکدا لە ڕێگەی تەکنیکە جیاوازەکانی وەسفەوە بەرجەستە دەکرێن ((وەسفیش تا ئەو کاتە پەسەندە کە لە پێناوی پەروەردەکردن و گەشەکردنی قارەمانانی "کاراکتەر"ی چیرۆک و ڕۆماندا بێ. دیمەن و دیاردەکان دەبێت کار لە ئامادەیی و بوونی کاراکتەر بکەن)) (سیروس پرهام: ٢٠٠٤: ٤٩). جا جۆری وەسفەکە چ تەکنیکە جیاوازەکانی وەسفیی ڕۆمانی تەقلیدی بێت، چ تەکنیکە جیاوازەکانی وەسفیی ڕۆمانی نوێ بێت ((ناوەکان دەبن بە ناسێنەری بەشێکی کەسێتی ئەو کاراکتەرە، ئەگەر نووسەر لە ڕێگای وەسفی ناوەوە یان دەرەوە، کەسایەتی بە ئێمە بناسێنێت لە ئاستی دیاردا، ئەوا دەتوانێت لە هەردوو شێوەی کۆد و ئاشکرادا، ناویش ببێتە بەشێک لە کەسێتی کاراکتەرەکە و یاریدەدەرێکی باش بێت بۆ ناساندنی تەواوی بە خوێنەر)) (بوشرا کەسنەزانی:٢٠٠٩: ٣٤).

دواجار وەسف دەتوانێت ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبێت لە بەرجەستەکردنی ناسنامەی هەر یەکێک لە کاراکتەرەکان هەر لەبەرئەمەشە کە لە وەسفی دیوی ناوەوەی هەر کاراکتەرێکدا ((دەبێت ڕۆماننووس زۆر بەوردی لە ڕووداوەکەی خۆی بڕوانێت تا کەسێتییەکان لە ئاستیدا گونجاوترین هەڵوێست وەرگرن کە گوزارشت لە حەقیقەتی خۆیان بکات)) (عەبدولڕەحمان مونیف: ٢٠٠٦: ٥٦). زۆرجاریش ئەم وەسفکردنەی کاراکتەر هەر لە ڕێگەی وتوێژ و دیالۆگەوە دەبێت کە

لەنێـــوان کاراکتەرەکانـــدا ڕوودەدات ((قارەمانەکـــان لە ڕێـــگەی دەم و دوویـــانەوە یـــا هەڵســـوکەوت و ڕەفتاریـــانەوە خۆیـــان بە خـــوێنەر دەناسێنن))(حەمەکەریم عارف: ٢٠٠٨: ١١٠). هەرچەندە زۆرجار لە ڕێگەی کـردەییەوە کـاراکتەر خـۆی بە خـوێنەر دەناسـێنێ ((وێـڕای ناسـاندنی کەسـایەتی بەهـۆی وتـوێژەوە، دەتـوانین بە تـاریفی کردەوەیـی (وەسـفی عەمەلی)یش کەسـایەتی چیـرۆک بە خـوێنەر بناسـێنین)) (جەلال مەلەکشـا: ٢٠٠٧: ١٩).

لە ڕۆمـانی بەهـاری ڕەشـدا وەسـفی کاراکتەرەکـان چ وەسـفی ڕوخسار و دیمەنیان بێت چ وەسفی ناخ و دیوی ناوەوەیان بێت وەسفی کورتن، واتا ڕۆماننووس لە وەسفکردنی کاراکتەرەکانیدا پشتی بە تەکنیکی نوێی وەسفکردن بەستووە و ویستوویەتی لەناو ڕووداوەکانی ڕۆمـانەکەدا ناسنامەی هەر کاراکتەرێک لە ڕێگەی وەسفێکردنێکی کورتەوە بە خوێنەر بناسێنێ بە تەنها لە وەسفکردنی دیوی ناوەوەی سابیردا بۆ ناساندنی ئەو کاراکتەرە لە هەندێ دیمەنی گێڕانەوەدا هەوڵیداوە بە کورتی باس لە ناخی بکـات و ئەویـش زیـاتر بـۆ دیـاریکردنی هەسـت و بیرکـردنەوەی ئەو کـاراکتەرەیە، بەمەش ناسـنامەی ئەو کـاراکتەرە زیـاتر بە خـوێنەر ئاشـنا دەکات. بۆ نموونە: کاتێک لەسـەر زاری گێڕەرەوەی ڕووداوەکانەوە باس لە ناسـاندنی کـاراکتەری سـەرەکیی ڕۆمـانەکە "سـابیر" دەکـات تەنهـا ئامـاژەیەکی کـورت بە نـاوی سیانی و شـوێنی ئەو کـاراکتەرە دەکـات و وێنەی ڕوخسار و دیمەنی بە هیچ شێوەیەک باس ناکات ((لە حەوتەمین دەرگـادا ڕایـان گرتـی. لەبەر دەرگـاکە یەکێـک وەسـتاوە، لیسـتێکی بەدەستەوەیە، زانیت دەیەوێت ناونووست بکات.

"ناوت چییە؟".

"سابیر حاجی جومعە".

"ژمارەی تەنیشت ناوەکەت سەرنجت ڕادەکێشێ ١٩٨٨" .

"دانیشتووی کام ئاوایی...؟".

"ئاوایی گەرمگ." ( ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل: ٢٠١٦: ٢٤).

یان کاتێک گێڕەرەوەی ڕووداوەکان باس لە کاراکتەرێکی وەک گەرمیان دەکات وەک منداڵێکی ئەنفالکراو بە هەمان شێوە دوای ئەوەی کاراکتەرە سەرەکییەکە هەندێک قسە لە بارەی ئەو منداڵەوە دەکات و وەکو فریشتەیەک دەیناسێنێ، ئینجا بۆ ناساندنی زیاتری تەنها ئاماژە بە ناوەکەی دەدات.

((چاوت بە مێردمنداڵەکەی تەنیشت پەنجەرەکە کەوت، ئەویش وەکو تۆ خەوی نایەت، چاوت لێ بوو کەمێ لەمەوبەر بۆ ماوەیەک بۆ چەند ساتێک سەری بەسەر سنگیا شۆڕبووبۆوە، وا ئێستا بە ئاگایە... تەماشاکانتان ڕووبەڕوو بووەوە، هەستت کرد بزەی هاتێ... زانی بۆ لای ئەو دەچی. هێشتا نەگەیشتبوویە لای خۆی گورج کردەوە و پێی هەڵکێشا، نیشانەی ڕەزامەندی و پێخۆشحاڵ بوونی بەوە دەربڕی لەبەر دەمیا چیچکت کرد...

بۆ ناخەوی؟.

خەوم نایەت.

چاوت لە چاوی بڕی سەری داخست، برژانگی دەتگوت بە کل ڕشتووە. وای.. ئەم دڵە بچکۆڵەیەی تۆ چۆن بەرگەی ئازار و خەفەتی وا دەگرێ... تۆیان بۆ هێناوە؟! بۆ لەم ژوورە تار و ناخۆشەیان خزاندووی... ناهەقت نییە دڵت بگوشرێ و بێ ئارام بی... تۆ بەو دەشتە کاکی بە کاکییە

ئاشنای کە بەدوای پەپوولەیەکی نەخشیندا لەم گرد بۆ ئەو گرد غار بدەی بـۆ لەم ژووره تەنـگەدا گیریـان داویـت؟! فریشـتەیەکی وەکـو تـۆ چ مەترسـییەکت بۆیـان هەیە وا مەلـۆچکە ئاسـا لە قەفەسـیان نـاوی؟ لەبەر خۆتەوە ئاوات دەگوت، بۆ ماوەیەک تاس بردیتیەوە.

"ناوت چییە عاقڵ؟.

"گەرمیان"

"ئا... گەرمیان گیان ئا"

لێرەش دەترسێ پرسیاری باوک و کەسوکاری لێ بکەیت..)) (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل: ٢٠١٦: ٣١).

لە وەسفی هاپۆ خدردا گێڕەرەوەی ڕووداوەکان زۆر بە کورتی بەم شێوەیە وەسفی دەکات ((هاپۆ بەدەم جگەرە تێکردنەوە یەک دوو جار لە ژێـرەوە تەماشـای سـابیری کـرد. سـابیریش دیقەتـی ئەوی دەدا.. لـووتی باریک و درێژ کشاوە، وەک دەنووکی شاهۆ کەمێ بۆ خوار چەماوەتەوە، چەنـاگەی خـڕی ڕیشـێکی سـپی وەک چـوڕ داپۆشـیوە، بەڵام هێشـتا چاوەکانی زیت و وریان. سابیر بەخۆی دەڵێ.. خۆت خەمت کەم بوو، هـی ئەم پیرەمێردەش بـووە سـەربار...)) (ئەحـمەد مـحەمەد ئیسـماعیل: ٢٠١٦: ٣٢).

لە باسـی ناسـاندنی کـاراکتەری دیـکەی نـاو ڕۆمـانەکەدا وەک "حەمەغەریب و شوکر و چنار"دا بە هەمان شێوەی کاراکتەرەکانی دیکە پشت بە وەسفی زۆر کورت بەستراوە و زیاتریش ئاماژە بە ناوی سیانی و یان هەنـدێ جـار زێدی ئەو کـاراکتەرانە کـراوە. ئەمەش زیـاتر لەوەوە سـەرچاوەی گرتـووە، کە ئەم ڕۆمـانە هێنـدەی لە خەمـی وێنەگـرتن و

بەرجەستەکردنی کارەساتەکەدایە هێندە نەپرژاوەتە سەر وێنەگرتنی ڕوخساری کاراکتەرەکان.

((ئای حەمە غەریبی مام مەنسوور.. ئەم بەیانییە تۆ لە ئاوایی نەبووی)) (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل: ٢٠١٦: ٢٦).

((من شوکر ئاوڕەحمانم.. خەڵکی ئاوایی وارانیم... کەسیش نازانێ کێ پێش ئەوی تر دەمرێ و.. ئەمە دنیایە، با گرێ و خواستی دڵی خۆمان بۆ یەکتر بێژین)) (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل: ٢٠١٦: ٧٤).

((لفتەیە..لفتەیە. یەک دوو کەس ئاوای گوت: خۆ ئەمە لفتەش لێرەیە.. سابیر ویستی بە هاپۆ و شکوری بناسێنێ، کە تا ئەو دەمە، شوکر لەسەر خۆ وتی:

چاکی دەناسم..قەڵایی نییە.. لە دووز کابرایەکی جاش بۆی گێڕامەوە..گوتی: خێزانێک بە میوانی هاتبووە قەڵا.. ئەویشیان هێناوە)) (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل: ٢٠١٦: ٧٦).

یان کاتێک لەسەر زمانی شاکەسی ڕۆمانەکەوە وەسفی چنار دەکرێت وەک کچە کوردێکی ئەنفالکراو دەبینین تەنها بەیەک وشە وەسفی دەکات و دەڵێت: چناری کچە گەرمیانییەکی شەرمن ((سابیر سەرسامە .. من ئەمە بۆ هەر کەسێک بگێڕمەوە نەک بڕوام پێ ناکات بەشێتیشم دادەنێت ..ئەوە کەی وابووە ؟!.. چناری کچە گەرمیانییەکی شەرمن، کەی وای لێهاتووە.. خۆ کاتی خۆی ئەوەندەی ئێستا بۆمان نەلوا بەدەم یەکەوە بووەستین و قسە لەگەڵ یەکتردا بکەین.. هەمدیس تاس بردییەوە...)) (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل: ٢٠١٦: ١٠١).

لە وەسـفی دیـوی نـاوەوەی کـاراکتەری سـەرەکیی ڕۆمـانەکەوە گێڕەرەوەی ڕووداوەکان لە باسی ڕوخساری سەرجەم کاراکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەشـدا ڕۆمـاننووس زۆر بە دەگـمەن بـاس لە ڕوخسـاری کاراکتەرەکانی دەکات، لە وەسفی دیوی ناوەوەشیاندا تەنها لە پرسیارێکدا ئاماژە بەوە دەکات، کە دەبێ بیر لە چی بکەنەوە و خەون بە چییەوە ببینن؟ هەر وەک ئەوەی لە بارەی بیرکردنەوەیان لەساتە ناخۆشەکانی ناو قەڵاکەدا دەڵێت: ((ساتە یەک جار ناخۆش و بێزارکەر و دڵ گوشێنەری ئەم قەڵایە دەمە و ئێوارانێتی... هەرچەندە شەوانی دەبنە ساڵێکی نەهات و برانەوەیـان نابێـت، بەڵام قەت نـاگەنە سـاتە خەماوییەکـانی دەمەو ئێـوارانی... ڕۆژ لە دوای ڕۆژیـش دانیشـتوانی ئەم قەڵایە ڕەنـگ و ڕوخسـاریان دەگۆڕێت، سـەد سـوێند بخـۆ مـرۆکەی دوێنـێ نەبـوون.. واهەموومان قژمان درێژ بۆتەوە.. مووی برۆمان تێکەڵ بە سمێڵ بووە و پیاومـان لـێ دەترسـێ و لە تـوخمی ئینسـان نـاچین.. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەمـدوو و خـامۆش و مـۆنتر و ڕووگرژتـر دەبـن ئەم خەڵـکە.. خـۆزی ئەمزانی بیر لەچی دەکەنەوە؟ خەون بەچییەوە دەبینن! ڕەنگە هەموومان یەک خەون ببینین...)) (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل: ٢٠١٦: ٩٢).

لەم ڕۆمـانەدا ڕۆمـاننووس لە خەمـی وەسـفی تراژیدیای ئەنفالـدایە و گرینگییەکی ئەوتۆ بە وەسفی دیوی نـاوەوەی کاراتەرەکـان نـادات و تەنها لە هەنـدێ دیمەنـی کورتـدا نەبێـت وەسـفی دیـوی نـاوەوەی کـاراکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە دەکات و لەم وەسفانەشەوە لە دیمەنی تراژیدیاکە و ناو زیندانەکەی نوگرە سەلمان دەدوێت.

### بەرجەستەکردنی کاراکتەرەکان لە ڕێگەی (ڕۆڵ)ی کاراکتەرەکانەوە:

هەر کاراکتەرێک لە ڕۆماندا ڕۆڵێکی تـایبەت بەخۆی هەیە، کە جیای دەکـاتەوە لە ڕۆڵـی هەر کـاراکتەرێکی دژ و تەبـای نێـو ڕۆمـانەکە، جا ئەو

ڕۆڵە ڕۆڵێکی لاوەکی بێت یان  سەرەکی، کە سیما و تایبەتمەندێتیی هەر یەکێک لەو کاراکتەرانەش دواجار دەوستێتە سەر ئاست و چۆنیەتی گێڕان و بە ئەنجام گەیانی ئەو ئەرکەی، کە پێی سپێردراوە و دابەشکردن و جیاکردنەوەی هەر کاراکتەرێکیش پەیوەندی بە چۆنیەتی و چەندێتی گەیاندنی ئەو ئەرکەوە هەیە. ئەمەش کاریگەریی لەسەر ناساندن و بەرجەستەکردنی ناسنامەی ئەو کاراکتەرەوە هەیە لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانیدا هەروەک ئەوەی. "هۆرنی" لە بارەی چەمکی خودناسیی مرۆڤدا دەڵێت: ((کەسایەتی لە پێناو بەدەستهێنانی ئامانجەکانیدا تێدەکۆشێ)) (حامد عبدالسلام زهراوی: ١٩٨٨: ٦٥). وەک دیارە هەر کاراکتەرێکیش بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی دەبێت بەشداری گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی ڕووداوێک لە ڕووداوەکان بکات، چونکە کاراکتەر ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێ لە بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکانی ڕۆمان، چونکە ((ئەگەر جووڵەی کاراکتەر نەبێت، جا جووڵەی فیزیکی، یان زیهنی بێت، ئەوا ڕووداو دروست نابێت)) (حەمە مەنتک: ٢٠١٣: ١٠٧).

لە ڕۆمانی "بەهاری ڕەش"دا سابیر کەسێکە خەڵکی شارۆچکەیەکی گەرمیانە، لە دەست ڕەشبگیرییەکانی ڕژێم پەنای بردووەتە بەر دێهاتەکان، تا ئەو کاتەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتووە لەوێ ژیانی بەسەر بردووە. سابیر لەو ڕۆمانەدا دەبێتە چەقی ڕووداوەکان ((نووسەر هاتووە لە میانی کۆمەڵێک هەڵوێست و شێوازی بیرکردنەوەی ئەو پاڵەوانە بە خەسڵەتە تایبەتییەکانی ئاشنامان دەکات، بە واتایەکی دیکە ئەو هەڵوێست و شێوازی بیرکردنەوەی سابیر دەبن بە نیشانە و ئاماژە بۆ بنەمای ستراتیژیی تێکستەکە. نووسەر بەم تەکنیکی ئاماژەکارییە خۆی لە شێوازی کلاسیکیی وەسفیی سادەی کەسایەتییەکان پاراستووە، بە چەشنێک بەبێ ئەوەی لە وردەکارییەکانی شێوەی ئەو کەسایەتییە بدوێ، ئێمە وێنەی ئەو کەسەمان دێتە بەرچاو)) (عەبدولغەنی کاکۆ: ٢٠١٦: ٨).

سابیر وەک کاراکتەری سەرەکیی ناو ڕۆمانەکە ڕۆڵی تایبەتیی خۆی هەیە، هەم لە ئاست گێڕانەوەی ڕۆمانەکە و هەم وەک کاراکتەرێک، کە چەند ئەرکێکی دەکەوێتە سەر شان. یەکێک لەو ئەرکانەی کە پێی هەڵدەستێت ناشتنی تەرمی ئەو مردووانەیە، کە لە ناو زیندانەکە گیان دەسپێرن و کۆچی دوایی دەکەن ((ئەوەی دەمرد لە هەر قاوشێک بوایە، لە پاڵ پەرژینەکەیان دادەنا، تا ژمارەی تەرمەکان دەبووە چەند تەرمێک ئەوجا سابیر و مەلا مەحموود کردبوویانە عادەت دەمەو عەسران دەیانناشتن.. ئەمە سێ ڕۆژە بەیانی و ئێوارە تەرمیان دەناشت ئەم سێ ڕۆژە ژمارەیەکی زۆر دەمرن و نەدەگەیشتنە ناشتنیان، بۆیە بەیانی و سەر لە ئێوارەکەشی هەر خەریکی ناشتن بوون.. کارێکی کەشیان زیادەی کردبوو، کە یەکێکیان بۆ ناشتن دەبرد چاویشیان بۆ ئەو دەست و قاچانە دەگێڕا، کە گەماڵەکان نیوەیان دەخوارد و پاشماوەکەیان لەسەر لمەکەوە بەجێ دەهێشت، سەرلەنوێ دەیانخستەوە ژێر لمەکەوە. سابیر ئەو ڕووداوانەی گەلێ جار بۆ قاوشەکە گێڕابووەوە)) (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل: ٢٠١٦: ٩٨).

لە لایەکی دیکەوە ئەرکێک لە ئەرکەکانی دیکەی سابیر، هەر لە سەرەتاوە ئەوەیە کە هەمیشە و بەردەوام لە خەمی ئەو مێرد منداڵەدایە، کە ناوی "گەرمیانە" کە لە ڕێگەی بەجێهێنانی ئەو ڕۆڵەیەوە کۆمەڵێک ئامانج و پەیامی تایبەتیی خۆی دەگەیەنێت.

ئەرکێکی دیکەی سابیر هێشتنەوەی بەشێک لەو خواردنەیە، کە دەدرێت بە پیاوەکان و گەیاندنیەتی بەو ژن و منداڵانەی کە لە ناو زیندانەکەدان بە شێوەیەکی نهێنی ((هەرچی ئێژن بێژن پولێکی قەڵب ناهێنێ .. سابیر تا ئەو دەمە تاس بردبوویەوە بیری لەو ئافرەت و منداڵانە دەکردەوە. بەئەسپایی لەژێر لێوەوە وتی: تۆ بڵێی شتێکمان پێ بکرێ؟ ئا:

هەوڵێکە و ئەیدەین.. ئەگەر سبەی نانیان بۆ هێناین هەریەکە و پارچەیەک بەلاوە بنێت، خۆ بەو لەتە نانە لەبرسا نامرین! جا تۆش هەرچۆنێک بێ دەبێ بیگەیەنییە دەستیان)) (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل : ٢٠١٦: ٧٨).

گەرمیان وەک کاراکتەرێکی ئەنفالکراو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەلالەتی بەرجەستەکردنی پانتایی کارەساتی ئەنفالی ناوچەی گەرمیان و گەرمیانەکانە. بەهەوڵدانیش بۆ خۆڕزگارکردن و چوونە دەرەوەی لە زیندانی نوگرە سەلمان و پڕۆسەی ئەنفال دەلالەتی ڕزگاربوونی ناوچەی گەرمیان و گەرمیانەکان دەگەیەنێت وەک نەتەوە و وەک ناوچە لەو کارەساتە. ئەم هەوڵدانەی گەرمیان لە لایەن گێڕەرەوەی ڕووداوەکانەوە ئاماژەی پێ دەکرێت ((ئێژم: ئەتوانم لە پەنجەرەکەوە بڕەمم؟..ئا ئەو کابرایە کە خەوتووە ئێژی دوێنێ کوڕەکەم لە پەنجەرەی ئەو ژوورەی تەنیشتمانەوە ڕەمی و ئێستا لە ماڵی خزمێکیاندایە..

تۆ گەورەی شیشی ئەم پەنجەرەیە سخن ئەوەندە شاش نین تا تۆی لێوە بچیتە ئەودیوا.. بە نائومێدییەکەوە لە جێگاکەی خۆی دانیشتەوە، لێوی کەمێ کشا و خەمێکی نادیار بەو منداڵییە لە ڕوومەتیا دەرکەوت، چاوی بڕییە کۆشی خۆی. لەوە دەترسای دڵی لێت ڕەنجا بێ)) (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل : ٢٠١٦: ٣٣).

بەدرێژایی ڕۆمانەکە ڕۆڵێکی دیاری گەرمیان وەک منداڵێکی ئەنفالکراو ئەوەیە کە بیسەری سەرەکیی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەیە و هەمیشە گێڕەرەوەی ڕۆمانەکە ڕووی دەمی لە گەرمیانە و لە ڕێگەی سابیرەوە ئاشنا و ئاگاداری هەموو بارودۆخەکە دەبێ. بەم کارەش گێڕەرەوەی ڕۆمانەکە گەرمیان دەکاتە ناوەندی بیستن و وەرگرتن و ڕۆڵی سەرەکی لەم بوارەدا بەو دەدات ((چیت بۆ باس کەم؟ گەرمیان گیان لە کوێوە دەست پێ بکەم؟ خەوت نایەت؟ باوکت لەبەر

خۆشەویستیی ئەم ناوچەیە ناوی تۆی ناوە گەرمیان.. ناهەقی ناگرم. کام شوێن ئەوەندەی ئەم گەرمیانە دڵگیرە گەرمیان گیان..)) (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل : ٢٠١٦: ٣٤).

هـــاپۆ خـــدر وەک کـــاراکتەرێکی خودانـــاس و بەتەمەن لە لایەن گێـــڕەرەوەوە ڕۆڵـــی وێنـــاکرنی پەیوەســـتبوون بە مـــۆراڵ و بەهـــا مرۆڤایەتییەکانی پێبەخشراوە، چونکە بۆ هەمیشە لە خەمی زیندانییەکاندایە هەروەک ئەوەی هـانی سـابیر دەدات تـا بەشـێک لە خـواردنی ڕۆژانەی پیاوەکـان بگەیەنێـتە ژن و منـداڵە ئەنفالکراوەکـان. یـان کاتێـک گەنجێکـی ئەنفـالکراو بـۆ نـاو زینـدانەکە دەهێـنن، کە قـاچی شـکاوە ئەو گۆچـانەی دەسـتی خـۆی دەشـکێنێ تـا قـاچی ئەوی پـێ هەڵبەسـتێ ((هەرچـی هـاپۆ دەیگوت دەستبەجی جێبەجێیان دەکرد.. هەستا گەڕایەوە جێگاکەی خۆی لەژێر سەڵتەکەیدا گۆچانەکەی خۆی هێنا. دایە دەست یەکێکیانەوە. ئا دەی بیکە بە چوار پارچەوە.. پارچە دارەکانی لەسـەر قـاچی دانـا و بە پشـتوێنی کابرا توند بەستی)) (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل : ٢٠١٦: ٥٢).

حەمەغەریـب ئەگەرچـی پـێش ئەوەی بەر شـاڵاوی ئەنفـال بـکەوێ بەهـۆی کارەکەیەوە وەک ناوەند و سـەرچاوەی دەنگ و باسـی دێیەکانی گەرمیـــــان ناســـــێنراوە، بەڵام دوای ئەوەی بەر شـــــاڵاوەکە دەکەوێ گێـڕەرەوەی ڕۆمـانەکە وەک کەسـێکی غەریـب و بێئاگـا باسـی دەکـات. ڕۆمـــاننووس ئەم ڕۆڵە پـــێچەوانەیەی حەمەغەریبـــی لەو ڕوانـــگەیەوە بەرجەستەکردووە، کە شـوانەی کوڕی حەمەغەریب وەک یەکەم منداڵ لە زینـدانەکە لە برسـان دەمـرێ و سـابیر دەینێـژێ، بەڵام ئەم هەواڵە لە حەمەغەریب دەشارێتەوە ((حەمەغەریب.. من سابیرم.. حەمەغەریب.. بەبێ تاقەتییەوە پێڵووی بەرزکردەوە- پرسیاری شوانە و دایکیت بۆ نەکردم..؟ سابیر ویستی شتێ بڵێ هەر نەبێ لە سەرەمەرگیشیا بێ کەمێ دڵی خۆش

بیّ، بەڵام نەیوێرا درۆی لەگەڵ بکات.. نەشی دەویست بە جاریّ هیوای ببڕیّ و بەو نائومێدییەوە سەر بنێتەوە. شەرتی خودا بێت سبەی پرسیاریّکت بۆ بکەم)) (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل : ٢٠١٦: ١٠٤). لە بنەڕەتدا حەمەغەریب خۆی سەرچاوەی هێنان و بردنی هەواڵە لە دەڤەری گەرمیان و بچووکترین هەواڵ تاوەکو گەورەترین هەواڵ لە لایەن خۆیەوە ڕادەگەیەنرێت، کەچی لەناو زیندانەدا یەکەم کەس، کە دەمرێت شوانەی کوڕیەتی بیّ ئەوەی ئەو هیچ خەبەر و دەنگ و باسێکی لە بارەوە هەبێت ((بەهۆی گەڕان و هاتوچۆوە، دەنگ و باسی سەرتۆپ ناوچەکەی لەهەگبە دەناو بەو دێهاتانەدا بڵاوی دەکردەوە، کە پیا تێدەپەڕی، بۆ سۆراغ و زانینی ژیان و هەواڵی مان و نەمانی کەسێکی ئەو ئاواییانە ڕوویان لە حەمەغەریب دەکرد ئەویش ڕاست و بی پێچ و پەنا ڕاستییەکەی لە قووڵە مشت دەنا یان دەیگووت دان بەخۆتاندا بگرن تا سبەینیّ. هەواڵی پرسە و زەماوەندی بڵاودەکردەوە، سەلام و هەواڵی نەخۆشی و چاکبوونەوەی خەڵکی بە خزمان و ناسیاوی گوند ڕادەگەیاند.. نازانم کیّ بوو جارێکیان گوتی: کیّ دەڵیّ کورد ئاژانسی دەنگوباسی نییە!! ئەی حەمەغەریب چییە! لەو ڕۆژەوە بە ئاژانسی گەرمیانیان ناودەبرد...)) (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل: ٢٠١٦: ٢٩).

چنار وەک کاراکتەری خەیاڵی ڕۆڵی دووبارە ژیانەوە و بەردەوامیی ژیان دەبینێت ئەویش بەهۆی دەرکەوتن و هاتنە پێش چاوی سابیر لە چرکە ساتی ناشتنی تەرمی ئەنفالکراوەکاندا ((چاوی بۆ ئەو لایە هەڵخست کە دەنگەکەی لێوە هات..تارماییەکی بینی!! وا پیّ پیّ دێت بۆ لای چنار لەم بیابانە چی دەکات؟.. ئێمە خۆمان بە هەموو کەسیّ نیشان نادەین.. تەنها تۆ دەم بینی ترسی منت نەبیّ.. پەلەت نەبیّ..دێی ئێمە ڕزگارمان بوو)) (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل: ٢٠١٦: ١٠٠-١٠١).

ئەم ڕۆڵەی کە بە کـــاراکتەری چنـــار بەخشــــراوە کە بەشــــێوەیەکی تارمـــایی دەردەکەوێـت سروشــتێکی فانتـــازی بە ڕۆمـــانەکە بەخشــیوە بــۆ ئەوەی ڕۆمـــانەکە لە گێڕانەوەیەکـــی مێــژووییەوە بکـــات بە گێڕانەوەیەکـــی هـونەری و چێـژی زیـاتر بە خـوێنەر ببەخشـێت ((دەرخسـتنی کەسـایەتیی چنار لە شـێوەی تارمـایی، چیرۆکەکەی لەوە دەربـازکردووە کە لە ڕێگەی گێڕانەوەیەکـی سـادە، خـاڵی لە خەیـاڵ و فەنتازیـا کۆتـایی بە چیـرۆکەکە بهێنرێــت، یـــان ڕۆمـــانەکە بکـــرێتە دەقێکـــی مێژوویـــی، بــۆ گێــڕانەوەی ســـەربردەی ئەو کارەســـاتە)) (عەبـــدولغەنی کـــاکۆ: ٢٠١٦: ١٣). هەر بـــۆیە ئەوەی لەسەر زاری چنارەوە دەگێڕدرێتەوە زمانێکە گوزارشـت لە دنیـای واقیع ناکات و بە زمانێکی خەیاڵاوی گفتوگۆکانی دەگەیەنێت.

## بەرجەســــتەکردنی کاراکتەرەکـــان لە ڕێــــگەی (ئاخـــاوتن و هـــزر)ی کاراکتەرەکانەوە:

زۆرجـــار ناســـاندنی کـــاراکتەر لە ڕێـــگەی شـــێوەئاخاوتن و زمـــانی کاراکتەرەوە دەبێت، تەنانەت جۆر و شـێوازی بەکارهێنـانی زمـان لە کـاتی پەیڤینـدا ئاسـتی ڕۆشـنبیری و هزریـی مـرۆڤیش نیشـاندەدات ((گرنگـی و گەورەیـــی زمـــان وەک ئـــامرازێکی ناســـنامە دروســـتکەر لە دەســـەڵاتە فراوانەکەیـدا سـەقامگیربووە. تـا مـرۆڤ دەسـەڵاتی زیـاتر بەسـەر زمانـدا بشـکێت، باشـتر و وردەکـارانەتر دەتوانێ بیـر بکـاتەوە، تـا وردتـریش بیـر بکاتەوە ئاسانتر دەتوانێ گوزارە لە خۆی و بیرو بۆچوونەکانی بکـاتەوە و ناسنامەی خۆی بەرجەستە بکات)) (مهاباد قەرەداغی: ٢٠٠٣: ١٧)، چونکە ئەوەی کـاراکتەر دەریـدەبڕێت لە ڕێگەی زمـانەوەیە و بەهـۆی دەربـڕین و قســـەکردن و پەیڤیـــنەوە و ئەوەی بە شـــــاراوەییش لە نـــاخی خۆیـــدا دەیهێڵێتەوە لە ڕێگەی هزر و جیهانبینیی کاراکتەرەوە وێنادەکرێت ((فرەیی لە زمانـدا ئاسـۆکانی ئایـدۆلۆژیی هەر کاراکتەرێـک دەردەخـات. لە ڕێـی

ئاخاوتن و زمانی هەر کاراکتەرێک، یان پەیڤین لە ڕێی دیالۆگەوە خوێنەر ئاگاداری بیرکردنەوە و ئایدۆلۆجیای سیاسی، ئاینیی ئەو کاراکتەرە دەبێت)) (حەمە مەنتکک: ٢٠١٣: ١٧٩).

پەیڤین و ئاخاوتنی هەر کاراکتەرێکیش لە ڕۆماندا پەیوەستە بەو ڕووداوەی کە لەگەڵ کاراکتەرەکانی دیکەی ناو ڕۆمانەکە ڕۆڵی تێدا دەگێڕێت، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ((یەکێ لە ڕێگەکانی ناساندنی کەسایەتی لە چیرۆکدا وتوێژ و دیالۆگە)) (جەلال مەلەکشا: ٢٠٠٧: ١٩). هەندێ جاریش ناسین و خۆناساندنی کاراکتەر لە شێوەی خۆدواندندا دەردەکەوێت کاراکتەر لەگەڵ خودی خۆیدا دەئاخڤێ ((چونکە زۆر بیروبۆچوون و نهێنی و حاڵەتی ویژدانی هەیە مرۆڤ ناتوانێت لە لای هیچ کەسێکی دیکە بیدرکێنێت، بۆیە پەنا دەباتە بەر ناخی خۆی و لەگەڵ ناخی خۆیدا دەدوێت و باری سەرشانی سووک دەبێت و هەست بە ئارامییەکی لە ڕادەبەدەر دەکات)) (جەلال ئەنوەر سەعید: ٢٠١٣: ١٥٠).

قسەکردنی هەر کاراکتەرێک لە هەر بارێکدا ئاستی هزری و ڕۆشنبیریی ئەو کاراکتەرە وێنادەکات و خوێنەر لە شێوە و جۆر و ئاستی ئەم قسەکردنەوە توانا و لێهاتوویی ئەو کاراکتەرەی بۆ دەردەکەوێت ((لە ڕۆمانی چاکدا، ئەبێ هەموو دێڕێ لە حیوار بە تەواوی شوێن پێی بایەخی شەخسیەتی پێوە دیار بێ)) (ئەدوارد بلشن: ؟: ٣٥).. تەنانەت هزر و ئایدۆلۆژیا و بیر و باوەڕی هەر کاراکتەرێکیش هەر لەو ڕێگەیەوە بەدیاردەکەوێت ((کەسایەتیی ناو ڕۆمان وەک کەسایەتیی مرۆیی خاوەن خاسیەتی هزری و دەروونی و خاوەن دەلالەت بەدیار)) (سەروەر عەبدوڵڵا: ٢٠٠٢: ١٤). ئەمەش دەشێ ببێتە ڕەهەندێکی باش و لەبار بۆ دەرخستنی ناسنامەی ئەو کەسە و کەسێتیی کاراکتەری پێ بناسرێتەوە و لەوانی دیکەی جیابکاتەوە لە ڕۆماندا ((دەرخستنی گفتوگۆی ناوەوە وەک

ڕووکارێکە لە ڕێگەیەوە کاراکتەرەکان سەیری دەرەوە دەکەن و بڕیاری لەسەر دەدەن)) (حسن المودن: ٢٠٠٩: ١٥٣). تەنانەت هەڵسەنگاندنی هەر کاراکتەرێکیش لە لایەن خوێنەرەوە هەر بەو پێوەرە دەپێوریَ ((دیاریکردنی شێوەی بیرکردنەوەی کاراکتەر لە ڕۆماندا، کارێکی گرنگە، چونکە بەو هۆیە تایبەتییەوە، کاراکتەرەکان لە یەکتر جیادەکرێنەوە)) (عەبدوڵڵا ابراهیم: ١٩٨٨: ١٠٢).

لە ڕۆمانی بەهاری ڕەشدا ڕۆماننووس هەوڵیداوە لە ڕێگەی زمانی ئاخاوتن و هزری کاراکتەرەکانەوە ناسنامەی هەریەکێک لە کاراکتەرەکان دیاریبکات ((لە بری باسکردنی دوور و درێژی شوێن و ژینگەی کارەکتەرەکان، ڕۆماننووس دەتوانێت لە ڕێی دایەلۆگەوە ناسنامەی کارەکتەرەکانی نیشان بدات، چونکە خوێنەر لە ڕێی دایەلۆگەوە دەتوانێت چین و توێژی کارەکتەرەکان دیاری بکات)) (تانیا ئەسعەد محەمەد: ٢٠٠٦: ١٧١). تەنانەت لە ڕێگەی هەڵوێست و شێوازی بیرکردنەوەی کاراکتەرەکانەوە وێنەی بیرکردنەوەی خودی ڕۆماننووس بەرجەستە دەبێت هەروەک ئەوەی لە بارەی دستۆفیسکییەوە دەگوترێت: ((دستۆفسکی لە ڕێگەی هەڵوێستی کەسایەتییەکان و گۆشەنیگا و ئاگایی دەنگە جیاوازەکانەوە بیری کردۆتەوە)) (سیزا قاسم: ١٩٨٥: ١٩٠).

سابیر وەک شاکەشی ڕۆمانی بەهاری ڕەش مرۆڤێکی هۆشیارە، ئاستێکی باشی خوێندەواریی هەیە، شارەزاییەکی باشی لە بارەی مێژووەوە هەیە. لە ڕوانگەی ئەو باگراوەندە ڕۆشنبیرییەوە تێڕوانینی خۆی بۆ کارەساتەکە ڕووندەکاتەوە و ڕاڤە و شیکردنەوەکانی ئەو جیاوازە لە هەر کەس و کاراکتەرێکی دیکەی ناو کارەساتەکە، ئەم شێوە جیاوازەی بیرکردنەوە لای سابیر ناسنامەیەکی ئایدۆلۆژیی تایبەتی بەو

کاراکتەرە داوە ((هەڵبەتە بۆ ئەوەی کەسێتی بوونێکی ئیجابیانەی لە دەقدا هەبێت پێویستە لە ڕێگای زمانەوە خۆی بە خوێنەر و بەردەنگی دەقەکە بناسێنێت و وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی ناخی کۆمەڵگەی مرۆڤیش بێت)) (حەیات سەعید عەبدولکەریم: ٢٠٠٥: ٩٩)، چونکە سابیر سەرەڕای قسەکردن لەسەر کۆی کارەساتی ئەنفال لە بارەی کلتوور و جوگرافیا و نەژادی ناوچەی گەرمیان و ...تاد دەدوێت و زۆرجار وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە، کە لە لایەن کاراکتەرەکانی دیکەوە ئاراستەی دەکرێت ((هاپۆ ڕوح لە شوێنێکی سەختدایە و دەرناچێ.. ئەوەی من دەیبینم و دەیبیستم یاخوا کەس نەیبینێ و نەیبیستێ.. تۆ دەزانی ئەمە ماوەیەکە خەوم لێ هەڵگیراوە.. هاپۆ منداڵ بەرگەی ئەم برسێتی و گەرمایە ناگرێ.. تۆ نازانی چیم بەسەر دێ کاتێ تەرمی منداڵێک لە باوەشی دایکیا هەڵدەگرم.. نازانی.. سەرم لەخۆم سوڕدەمێنێ.. چۆن تا ئێستا بەرگەی ئەو ڕووداو و دیمەنانەم گرتووە؟!.. خەریکە گومان لە هۆش و مێشکی خۆم دەکەم. تا ئێستا بە تۆم نەوتووە، شەوان گلاراوەمە، گینگڵ دەدەم و جارجار لەبەر خۆمەوە دەگریم.. هاپۆ هەندێ جار تارمایی دەبینم.. بۆ لەوێ هەموومانیان نەکوشت، تا ڕزگارمان بێ. شتێکی کە، کە لە هەمووی زۆر ناخۆشترە: یەکێ لە یاساوڵەکان فێری ئەوە بووە، شەوان ئافرەتێک لە قاوشەکە دەردێنێ.. ئا بەڵێ.. تا یەک دوو سەموونێکی زیادی پێ بدات.. ئا هاپۆ.. چۆن خەوم لێ حەڕام نابێ.. هاپۆ خدر خۆی پێ نەگیرا و منداڵ ئاسا دایکورکان و کشایەوە جێگاکەی خۆی و شانی بە دیوارەکەوە دا)) (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل: ٢٠١٦: ٩٥). تێڕوانینی سابیر تێڕوانینێکی فراوانترە بۆ کۆی کارەساتەکە و لە هەر کاراکتەرێکی دیکەی ناو ڕۆمانەکە وردتر بیردەکاتەوە. ئەوەتا کاتێک لەگەڵ هاپۆ خدر دەدوێت لە بارەی ئامادەکاری بۆ بەجێهێنانی پرۆسەی ئەنفال لە لایەن ڕژێمەوە بکەرەکانی ئەو کارەساتە بە بورغوی مەکینەیەکی گەورەتر لەوە دەبینێ، کە کاراکتەرەکانی دیکە دەیبینن ((بڕوا ناکەم.. یەکێکیان تیا هەبێ تۆزقاڵێ

بەزەیی لە لا مابێ.. ئەمانە بورغی مەکینەیەکی گەورەن، ئەوە بۆ سێ ساڵ دەچێ فێریان دەکەن چۆنمان لەناو ببەن.. ڕاستییەکەی دوو هەزار ساڵە ئێمە مەترسیی کارێکی وامان بەسەرەوەیە.. هاپۆ خدر دەمی داپچڕی و بەسەر سامییەوە پرسی چییان لە ئێمە دەوێ؟!)) (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل: ٢٠١٦: ٨٩).

جگە لە سابیر گێڕەرەوەی ڕووداوەکان کۆی کاراکتەرەکانی دیکەی لە ڕووی هزر و دەربڕینەوە وەک هەر کەسێکی سادە و ساکاری کورد وێناکردووە و لە گفتوگۆی ئاسایی بەولاوە لە بارەی هیچ شتێکی دیکە نادوێن. بەم کارەش سابیر لە ناو سەرجەم کاراکتەرەکانی دیکە دەبێتە تاکە کاراکتەرێک، کە لە ڕێگەی دەربڕینەکانیەوە لەبارەی زۆر ڕەهەندی ژیانی ناوچەی گەرمیان و نەتەوەی کورد دەدوێت و قسەی خۆی دەکات، جا چ لە شێوەی دیالۆگ، چ لە شێوەی خۆدواندن و مەنەلۆگەوە بێ بیر و هزری خۆی وێنادەکات. باگراوندە ڕۆشنبیری و مێژووییەکەی وەک هەگبەیەکی پڕ لە زانیاری هەڵدەڕێژێ و ئەم ئەزموونەشی دەبێتە هۆی ئەوەی ناسنامەیەکی تایبەت و جیاوازی فیکری لە کۆی کەسەکانی دیکە هەبێت. ئەمەش بەنسبەت سابیرەوە ئەوە دەردەخات ((ئەگەر زمان وا بنچینەیە لە پرۆسەی بیرکردنەوەدا و، ئەگەر شێوەی بیرکردنەوە بڕیاردەرە لە چۆنێتی ڕەفتار و گوفتاری مرۆڤدا، کەواتە دەبێ پەیوەندییەکی بەهێزی پۆزەتیڤ هەبێ لەنێوان زمانزانین و بیرکردنەوەی گەشبینانە و ناسنامەی پۆزەتیڤدا، یان بە واتایەکی تر پەیوەندییەکی نێگەتیڤ هەبێ لەنێوان زمانزانی و بیرکردنەوەی ڕەشبینانە و ناسنامەی نێگەتیڤدا)) (مهاباد قەرەداغی: ٢٠٠٣: ٣٣).

**ئەنجـــــــــامەکان:**

ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەردەخات کە:-

١- لە ڕۆمــانی "بەهــاری ڕەش"دا ناولێنــانی کاراکتەرەکــان لە لایەن ڕۆماننووســەوە جـۆرە ناولێنـانێکی تـایبەتییە و ڕۆمـاننووس نـاوی هەر کـاراکتەرێکی کـردووەتە ڕەمزێـک بـۆ ئەوەی دەلالەت لە لایەنێـک یـان بەشێکی کارەساتەکە بکات، بۆ نموونە:

ســــــابیر ⟵ دەلالەت لە ئارامگرتن و دانبەخۆداگرتن دەکات.

گەرمیان ⟵ دەلالەتە لە ڕەمزی دووبارە ڕزگاربوونی ناوچەی گەرمیان لە کارەساتەکەی ئەنفال.

حەمەغەریب ⟵ دەلالەتە لە غوربەت و نامۆیی و بێئاگایی.

چـــــــنار ⟵ دەلالەت لە دووبارە ژیانەوە و ڕزگاربوونی کچی کورد دەکات لە چنگی بەعسییەکان.

هــــاپۆ خــــدر ⟵ دەلالەت لە بە هانــــاوەچوون و فریادڕەسییە بەرانبەر سەرجەم زیندانییەکان.

لفــــــــتە ⟵ دەلالەت و ڕەمزی نۆستالیژییە بۆ ئاواز و مەقاماتی ناوچەی گەرمیان.

٢- لەم ڕۆمانەدا لە ڕێگەی گفتوگۆی نێوان کاراکتەرەکان و دەربڕینی هزر و بیریانەوە ڕۆماننووس ناسنامەی دیوی ناوەوەی کاراکتەرەکانی

دەرخستووە و ئاشکراکردنی ناسنامەی هەموو کاراکتەرەکان لە ڕێگەی چۆنیەتیی دەربڕینی بیر و هزریانەوە بەرجەستە دەکات.

٣- گێڕەرەوەی ڕۆمان هێندەی لە هەوڵی وێنەگرتن و بەرجەستەکردنی کارەساتی ئەنفالدایە، هێندە لە خەمی وەسفکردنی کاراکتەرەکاندا نییە، هەر بۆیە وەسفی کاراکتەرەکان وەسفی کورت و کاریگەرن، بەڵام پڕ واتا و پڕ ئاماژەن و بەشێوەیەکی یەکجار کاریگەر دەلالەت لە دیوی ناوەوە و دەرەوەی کاراکتەرەکان دەکات.

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم: کتێبە کوردییەکان:**


- ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل (٢٠١٦)، بەهاری ڕەش، چ/ ڕۆژهەڵات، چا ٢، هەولێر.

- ئەدوارد بلشن، ڕۆمان و پیشەی نووسینی ڕۆمان، وەرگێڕانی ئەژی گۆران.

- ئیان وات(٢٠٠٢)، سەرهەڵدانی ڕۆمان، وەرگێڕانی محەمەد کەریم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سێمانی.

- جەلال ئەنوەر سەعید (٢٠١٣)، گفتوگۆ لە ڕۆمانی کوردیی کرمانجی خوارووداا (١٩٩١-٢٠٠٣) چ/ کەمال، سلێمانی.

- حەمە مەنتک(٢٠١٣)، تەکنیکی فرە دەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا (کرمانجی خواروو ساڵی ٢٠٠٠-٢٠١٠)، چ. لەریا، چا ١، سلێمانی.

- حەمەکەریم عارف (٢٠٠٨) ، دەربارەی چیرۆک و ڕۆمان، چ/ ئارابخا، چا ١، کەرکووک.

- حسێن پاینده (٢٠٠٢)، تیۆری ڕۆمان، وەرگێڕانی محەمەد کەریم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

- سیروس پرهام (٢٠٠٤)، ڕیالیزم و دژەریالیزم لە ئەدەبیاتدا، و: حەمەکەریم عارف، چ، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

- عەبدولڕەحمان مونیف (٢٠٠٦)، تیشکێک بۆ سەر ڕۆمان، و/ شیرین. ک، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- عەبـــدوڵلا ســـــەراج (٢٠٠٧.)، بەرەو ئاســــتانەی ڕۆمـــــان و گۆشەنیگاکان،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چا ١، سلێمانی.
- نەجم خالید نەجمەددین ئەڵوەنی (٢٠٠٤) بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردی دا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- مهاباد قەرەداغی (٢٠٠٣)، زمان و ڕامان و ناسنامە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- هاشم ئەحمەد زادە (٢٠١٣)، زمان و ئەدەب و ناسنامە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چا ١، هەولێر.


**دووەم: گۆڤارەکان**


- بوشرا کەسنـــــەزانی (٢٠٠٩)، ناوی کاراکتەر لە چیرۆک و ڕۆمانی پاش ڕاپەڕیندا، گ/ هەنار، ژ(٤٠).
- جەلال مەلـــــەکشا (٢٠٠٧)، کەسایەتی لە چیرۆکدا، گ/ نووســەری نوێ، ژ/ ٣٧، مایسی.
- جەلیل کاکەوەیس (٢٠٠٠)، ڕۆمانی کوردیی-کردەی نازیندەیی شاکەس، گ/ کاروان، ژ/ ١٤٦.
- سەروەر عەبدوڵلا (٢٠٠٢)، سەرەتایەک لە بارەی بنەمای گوتاری کەسایەتیی نێو ڕۆمان، گ/ ڕامان، ژ/ ٧٥، ئەیلوول.

- عەبدوڵڵا ئامێدی (١٩٩٧)، ڕۆمانی پەرستگەی دڵداری لە ڕووی بنەماکانی (ناونیشان) و (نەخشەکێشان) و (کەسایەتییەکان)ەوە، گ/ ڕامان، ژ/ ١٦تشرینی یەکەم.

- عەبدوڵڵا سەڕاج (١٩٩٧)، ڕۆمان پێناسە.. بنەما.. تێبینیی، گ/ کاروان، ژ/ ١٠٨، شوبات.

- عادل گەرمیانی (٢٠٠١)، چەند جیاوازییەکی نێوان ڕۆمان و جۆرەکانی دیکەی ئەدەب، گ/ کاروان، ژ/ ١٥٥، ئادار.

- محەمەد تەها حوسێن (١٩٩٩)، چەمکی یاخیبوون لەبەر ڕۆشنایی ڕێبازی سلووکییەکاندا، گ/ ڕامان، ژ/ ٣٩ ئەیلوول.

**سێیەم: نامە زانستییەکان**

- تانیا ئەسعەد محەمەد ساڵح (٢٠٠٦)، بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (هێلانە، ئەژدیها)، نامەی دکتۆرا، کۆلیجی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.

- حەیات سەعید عبدالکەریم (٢٠٠٥)، نۆڤلێت لە ئەدەبی کوردیدا (١٩٧٠-٢٠٠٠)، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سەلاحەددین.

- محەمەد ئەمین عەبدوڵلا (٢٠٠٠) شاکەس لە ڕۆمانی کوردی- کوردستانی عێراق دا (١٩٩٠-١٩٩٧)، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

## چوارەم: سەرچاوە عەرەبییەکان


- اثير عادل شواي (٢٠٠٩)، تقنيات تقديم الشخصية في الرواية العراقية- دراسة فنية، دار الشؤون الثقافية العامة، ط١، بغداد.
- حامد عبدالسلام زهراوى (د) (١٩٨٨)، الصحه النفسيه، دار الكتب، ط ٢، بغداد.
- حسن المودن (٢٠٠٩)، الرواية والتحليل النصي، منشورات الاختلاف، ط ١، الجزائر.
- ديان دوات فاير (١٩٨٨)، فن كتابة الرواية، ت/ د. عبدالستار جواد، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد.
- سيزا قاسم (د) (١٩٨٥)، بناو الرواية-دراسة مقارنة في ثلاثية نجيب محفوظ، دار التنوير للطباعة والنشر، ط ١، بيروت.
- عبد العلي الجسماني (د) (١٩٩٤)، علم النفس وتطبيقاته الاجتماعية والتربوية، دار العربيه للعلوم، ط ١، بيروت.
- عبدالله عبدالحى موسى (د) (١٩٨٢)، المدخل الى علم النفس، ط ٣، مطبعه المجد، ط٣، القاهره.
- عبدالله ابراهيم (١٩٨٨)، البناء الفني لرواية الحرب في العراق، دار الشؤن الثقافيه العامة: ط ١، بغداد.
- ميشيل زرافا (٢٠٠٥)، الادب القصصي- الرواية والواقع الاجتماعي، ت: سما داود، دار الشؤن الثقافه العامة، ط ١، بغداد.

**ملخص:**

روايه ( بەهاری ڕەش) لأحمد محمد إسماعيل إحدى الروايات التي سردت تراجيديا الأنفال، والتي تضمنت عدَّة أبعاد: البعد الوطني، والسياسي، والثقافي، والاجتماعي، ...الخ.

سرد الروائي هذه الصورة التراجيدية التي وقعت على الشعب الكردي من خلال هذه الكارثة المأساوية عن طريق شخصياته، وحاول من خلال تقنيات السرد أن يُعطي هوية خاصة لكلِّ شخصية، من خلال دورهم فى الأحداث، والآليه التى اعتمدها في إعطاء هذه الهويات لشخوصه كان عن طريق اختياره لـ ( اسم الشخصية، وألقابهم، وصفات الشخصية، ودور كل شخصية من الشخصيات، والحوار، وفكر الشخصيات).

وهذا يعنى أنَّ الروائي لكي يعطي لشخصياته هويته الخاصة اختار له اسمًا مناسبًا للدور الذي يؤديه، ومن جانب آخر استطاع أن يصوِّر هوية شخصياته بشكل أفضل عن طريق وصفه لهم، وسرد حواراتهم، وطريقة تفكيرهم.

يحاول هذا البحث أن يبيِّنَ بشكل تطبيقى على العينة المختارة من الروايه هوية كل شخصية من شخصيات هذه الروايه.

**Abstract**

Ahmad Muhammad Ismails novel “Bahari Res “the black spring” is one of the novels which represent the so-called anfal tragedy. It includes various dimensions such as national, political, cultural, and geographical dimensions.

The novelist narrates the tragedy, which happened to the Kurdish people, via his characters. Through the narration technique he tried to give a certain identity to each of his characters on the basis of their participation in the events. This giving identity springs from choosing character names, their descriptions, their roles, and their discourse and ideas. It indicates that the novelist has chosen a certain name for each of the characters to give them a special identity, which coincides with their given role. Form another angle, he gives a nicer image of his characters by describing their ideas and perspectives.

This paper tries to fully determine the identity of each character in a practical way on the basis of the adopted sample from the novel.